
# گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١) سێشەممە ٢٠٢٤/١٠/١


## دوای 300 ساڵ.. گڵکەندێکی نوێ



وێنە: محەمەد شوانی



وێنە: ئەرشیفی دیوەخانی کوورەچییەکان

## چیرۆکی هەڵکۆڵینی گڵکەند

# مێژووی شار لە باخچەیەک

نازم دڵبەند

گ بە بیرم دێت سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەموو جارێ لە گەڕەکی (کوران)ەوە بە پێیان دەهاتینە بازاڕ، لە بەرامبەر دەرگای غابات هێشتا شوێنەواری هەندێک قۆرتی گەورە مابوو و زستانان پڕی دەبوو لە ئاو، هاوینانیش بۆ ئێمەی ئەو گەڕەکە هەژارە دەبووە مەلەوانگە، کە لەوێشەوە تێدەپەڕین و مەحەتەی شەمەندەفەرمان دەبڕی، ڕووبەڕووی گڵکەند دەبووینەوە، کە ئەوکات کەندێکی گەورە و قووڵ بوو، نزیکەی ٣٠٠ خانووی قووڕی تێدا بوو، بە کۆڵانی تەسک و تریسکەوە بە یەکەوە بەسترابوونەوە، زۆر جار لە خۆم دەپرسی دەبێ ئەم کەندە بۆچی و چۆن هەڵکۆڵدرابێ؟

هەندێک هەراش بووم و تێکەڵی خوێندنەوە بووم، ئینجا لەوە تێگەیشتم ڕۆژێک لە ڕۆژان چینێک هەبوون لە شاری هەولێر کاریان لەم شوێنە کردووە، کە چوومە ناو کاری ڕۆژنامەنووسیشەوە بەدوای ئەو سەربووردەیە کەوتم.

بە درێژایی ئەو ئێوارانەی دەگەیشتمە سەعدوناوە، خەڵکێکم دەدی بە کەر و تێڕکە بۆ ئەم گەڕەکە دەگەڕانەوە، دوای سۆراغکردن بۆم دەرکەوت بەوانە دەگوترێ (کوورەچی)، لە دواییشدا زانیم کە پێش ٣٠٠ ساڵ باب و باپیری ئەمانە هاتوون ئەم شوێنەیان هەڵکۆڵیوە بۆ ئەوەی خۆڵی لێ دەربێنن و بیکەنە خشت و لە دواییشدا لە کوورەدا سۆری بکەنەوە و بیکەنە کەرپووچ، تا لە بیناسازیدا بەکاری بێنن.

جاران وا دەبیسترا بنەچەی کوورەچییەکان عەجەم بووە و لە ئێرانەوە هاتوون، بەڵام خۆیان ئەم زانیارییانە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن باب و باپیریان هەولێرینە و لە هەولێر لەدایک بوون و هەر لە هەولێریش فێری ئەو کوورەچیاتییە بووینە.

کوورەچییەکانی جاران و گڵکەند هەتا ئەمڕۆش باسی ناو کۆبوونەوە و دیداری دیوەخانێکی ئاوەدانی شاری هەولێرن، کە لە گەڕەکی سەعدووناوە بە ناوی (دیوەخانی کوورەچییەکان) کراوەتەوە و لەوێدا مێژوو و کولتووری کوورەچییەکان لە ڕێگەی وێنە و باس و خواسەوە بە زیندوویی ماوەتەوە.

بە دیواری دیوەخانەکەوە دەیان وێنەی پیاوە کوورەچییەکانی سەردەمی باب و باپیرانیان هەڵواسیوە، سەرباری چەند وێنەیەکی دەگمەنی ئەوسا کە لە کاتی خشتبڕین و ئاگرتێبەردانی کوورە و دروستکردنی کەرپووچدا گیراون، ئێستا هەندێک لەو کەسانە ماون کە لە هەرەتی گەنجێتیدا ئەم کارەیان کردووە و ئێستا کەوتوونەتە تەمەنەوە و زوو زووش بۆ سێبووری سەردانی ئەو دیوەخانە دەکەن.

خانوو و تەلاری گەڕەکەکانی سەعدووناوە، تەعجیل، عارەبان و خانەقا بە کەرپووچی ئەو کوورەچییانە بنیات نراون کە خۆڵیان لە گڵکەند دەرهێناوە.

حاجی هاشم ئەمین مەولوود کوورەچی تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵە، باسی بنەچەی ناوی گڵکەند دەکات و پێی وایە گڵکەند کە بەر لە ٣٠٠ ساڵ دروست بووە، لە هەردوو وشەی (گڵ) و (کەند)ەوە هاتووە بە واتای کەندی گڵ، دەشڵێ گەڕەکی سەعدووناوەی هەولێریش لەسەر دەستی یەکێ لە براگەورەکانی کوورەچییەکان بنیات نراوە بە ناوی حاجی سەعدۆ و بۆیە هەر بە ناوی ئەو کراوە و بووەتە سەعدووناوە.

باسی پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی کوورەچییانیش دەکات کە جگە لە حاجی سەعدۆ، مام ڕەجەب، مام سلێمان و مام ئیبراهیمی بابی هاشم ریازی کوورەچی بوون، ئەوانە سەرپاڵەی کارەکە بوون و نەوەکانیان ئێستا لە هەولێر ماون.

کوورەچییەکانی هەولێر جگە لە سەعدووناوە، لە گەڕەکی (ئاوی میری)یش دانیشتوون کە دەکەوێتە سەر شەقامی شەست مەتریی ئێستا، بەرامبەر گەڕەکی کوران، ناوی کورانیش بۆ کوورەی کوورەچییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام کوورەچییەکان لەوێ نەماون، چونکە خەڵکی شار شکایەتیان کردووە بەهۆی بۆنی نەوتی ڕەش و دووکەڵەکەی کە لە کاتی سووتانی کوورە دەگەیشتە ناو شار و ژینگەیەکی پیسی دروست دەکرد، ناچار کراون کە پیشەکەیان بگوازنەوە بۆ گوندەکانی قۆریتان، تۆبزاوە و عەزەوقونیان.

هەروەها باش وەستای ئەوێ ڕۆژێی کوورەچییەکانیش بریتی بوون لە سۆفی ئیسماعیل کوورەچی و فەتاح کوورەچی و کەریم نەعمان کوورەچی و حەسەن جەرجیس کوورەچی و ماڵی عەبدو کوورەچی، ئەو دەم هەزار کەرپووچ بە یەک دینار دەفرۆشرا.

ڕۆژانەش کەسی وایان هەبووە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ یەک هەزار و ٢٠٠ تا یەک هەزار و ٥٠٠ خشتی بڕیوە، دوای چەند ڕۆژێکیش لەناو کوورە سەفت دەکران و شەو و ڕۆژێک ئاگریان تێبەردەدرا و کەرپووچیان لێ وەبەر دەهات.

ئەو کاتانەی کە گڵکەندیان بەجێ هێشتووە، پیاوێک هەبووە بەناوی مام وەلی، لە سەرەتاوە لەگەڵ کوورەچییەکان پێک هاتووە، کە ئەم شوێنە بۆ حەوانەوەی شەوانی کوورەچییان بکاتە خانوو، چونکە کوورەچییەکان ئێواران هەم لەسەر ئاوی میری کە دەکاتە شەست مەتریی ئێستا هەم کە چوونە گوندەکانیش ئێواران بە سواری کەرەکانیان دەهاتنەوە و لەم شوێنە کەرەکانیان دادەکرد، بەڵام مام وەلی لە دواییدا لێیان هەڵگەڕایەوە و ئەو خانووانەی بەکرێ دەداتە خەڵکی هەژار و ئەوان لێی دەحەوانەوە، ئەم خانووانەش لەسەر دوو نهۆم دروست کرابوون.

لەو ماڵانەی لەوێ بوون، ماڵی (شێخ سەید گوڵ) هەیە کە کەسایەتییەکی دیاری هەولێر بووە و دەکاتە باوکی نووسەر و چیرۆکنووسی دیاری هەولێر (ڕەزا سەید گوڵ) و لە نهۆمی خوارەوەی گڵکەند ژیاون.


شێخ ڕەزا، گڵکەند بە شوێنی نیشتەجێبوونی هەژاران دەزانێ، کە ئەوسا ڕووبەرێکی پان و بەرینی شاری گرتووە و لە لای ماڵی تاهیر چەخماخچییەوە دەستی پێ کردووە و لێوارەکەی بە ڕاستە شەقامی سەعدووناوەدا دەهات و درێژ دەبووەوە بۆ وێستگەی شەمەندەفەری ئەوسا و دەسووڕایەوە بۆ لای مەرقەدی (شێخ محەمەدی خوڕاسان)، لەوێشەوە بۆ پشت هۆتێلی شیراتۆنی ئێستا و دەهاتەوە لای ماڵی (عەلی کانەبی) و لەوێ کۆتایی دەهات، ڕێگاکانیشی تەنها بۆ پیادە بوو و ئۆتۆمبێل نەیدەتوانی پێیدا بڕوات، چونکە ڕێگاکە ڕک و تەسک بوو، ڕێگایەکی دیکەشی هەبوو، دەکەوتە لای ماڵی تاهیر چەخماخچی، ماڵی (سەید گوڵ بەرزنجی)یش نزیکی ماڵی تاهیر چەخماخچی بوو و لە نهۆمی خوارەوە بوون، دراوسێی ماڵی نووری ماستاو بوو، کە ئەوکات لەناو بازاڕ لە تەنیشت چایخانەکەی (حاجی مستیل) ماستاوی دەفرۆشت.

کوورەچییەکان بە زۆری ماڵیان لە گەڕەکی سەعدووناوە بووە، لەگەڵ گەردی بەیانی ڕوویان لە گوندەکان دەکرد، جار هەبوو بە سواری پایسکل یان بە سواری کەر دەچوون، پێش ڕۆژهەڵات دەستیان بە خشت بڕین دەکرد، ئەم خشتانەش نەدەبوایە بە کا دروست بکرێن، چونکە کە دەچوونە ناو کوورە هەڵدەوەرا، بۆیە دەبوایە زبڵ و پاشماوەی وڵاخیان تێکەڵی ئەو قووڕە تایبەتە بکردبا کە بۆ خشت بڕین ئامادە دەکرا.

شێرزاد لەتیف فەتاح کوورەچی دەڵێ تا پێش دە ساڵیش ئەم پیشەیە لە هەولێر هەر هەبووە، بەڵام خەڵک ئێستا بەدوای کاری خێرادا دەگەڕێن، بۆیە کە خانوو دروست دەکەن، زیاتر پشت بە بلۆک دەبەستن.

بە گوتەی شێرزاد لەتیف، بەهۆی ئەوەی کوورەچییەکان هەژار و کاسبکار بووینە، بیریان لەوە نەدەکردەوە منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، بەڵکو لەگەڵ خۆیان دەیانبردن بۆ سەر کار تا فێری پیشەکە ببن و داوارۆژیان دابین بێت، بەم هۆیەوە لە ساڵانی زوودا نووسەر و خوێندەواریان لەناودا هەڵنەکەوت کە مێژوویان بنووسێتەوە.

ئێستا نزیکەی سێ هەزار خانەوادەی کوورەچییەکان لە هەولێرێ هەن، کە هەموویان خزموکەسی یەکترن، تا ئەم ساڵانەی دواییش بەر لە تێکدانی گەڕەکەکانی سەعدووناوە، تەعجیل و عارەبان، هەموویان لەم گەڕەکانە پێکەوە دەژیان.



شێرزاد هەینی

## 300
## لۆ هەولێر

لەگەڵ بۆتان تەحسین لەو ڕۆژانەی بۆ ڕۆژنامەی (باس)م دەنووسی دیدارمان دەبوو، ڕێزی دەگرتم، خۆشمدەویست! لە دیدارێکی کۆمەڵایەتی نزیک یەکتری دانیشتین، باسی (باس)، دەرەوە، دەرگەڵە و نووسینمان کرد، ئەو گوتی؛

بەنیازین هەفتەنامەیەک بۆ هەولێر دەربکەین!

گوتم؛ پێمخۆشە، دەستان خۆش، بەڵام ناوەکەی چییە، با ناوێکی نوێ بێت، لە هەولێریش نزیک بێت!

ئەو وەک مۆرالی ئاسایی خۆی، باش گوێ لە بەرانبەرەکەی دەگرێت، بۆیە گوتی؛

ناوێکمان بۆ پێشنیار بکە!

منیش لەناکاو، بەبێ بیرکردنەوە، بەبێ ئەوەی بزانم پرسیاری وام لێ دەکرێت، وەک پەرجوویێک گوتم؛ گڵکەند!

پێش ئەوەی بپرسێت بۆ ئەو ناوە، چۆن وا زوو ناوەکەت هاتە سەر زار، بۆ ئەوەی ناوەکەیان بەدڵ بێت، گوتم: ئەگەر پرسیان بۆ ئەو ناوە! بڵێ: (گڵکەند) بێجگە لەوەی سەیرانگەیەکی جوان، کۆن، دیزاینی هاوچەرخ، گەورە، ناوشار، موڵکی گشتییە و پڕ لە بیرەوەرییە بۆ هەولێرییەکان! ناوەکە، شوێنەکە، ڕابردووەکەی مانای زۆرن!

(گڵکەند) بەر لەوەی ببێتە باخچە، نافوورە، کەسکایی، سێبەر، ژوانی دڵداران، کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری، زووتر شوێنەکە؛ گەڕەک، حەسار، ئاوەدانی ماڵوێران و هەژارانی شارەکە بووە!

بەڵام پێشتر شوێنی کوورەی کەرپووچ بووە، خۆڵەکەی بۆ ئەوە ساز و گونجاو بووە، ئاوی نزیک بووە، تەنیشت گەڕەکی (سەعدوناوە)ش بووە، واتە ماڵی کوورەچییەکان، بنەماڵەکانی تەواویان گچکە و گەورەیان خشتیان دەبڕی، کوورەیان هەبوو، شارەزا و لێزان بوون.

ئەوان لە گوفەکی گوندەکان، زبڵیان بۆ سووتاندنی کوورەکانیان کۆ دەکردەوە، ئاگری بەجۆشیان دەکردەوە، بەڵام دووکەڵی پیسیان بە ئاسمانی شارەکە بڵاو نەکردەوە، دووکەڵەکەیان سەرچاوەی نەخۆشییەکان نەبوون.

بە کەرپووچی کوورەکانی گڵکەند، خانوو و کۆشکەکانی ناو قەڵات، ئەوانەی سەر بەدەنەکە، ژێرزەمینەکانیان، زووتریش منارەکەی چۆلی دروست کراون. پاشان بە کەرپووچی کوورەکانی سەعدوناوە، خانووە گەورەکانی ئازادی، شۆڕش، کانی و ڕووناکی دروست کراون. پێش ئەوەی بەردی نەقاڕی زۆر بێت، قوتابخانەی بۆتان، خالیدیە، ئەختەری کچان و هەموو حەسارەکان بەو کەرپووچانە دروست کراون.

بە خۆڵی گڵکەند، بە (ئاوی میری)، کارێز کۆنەکان، جۆگە باریکەکانی لە سەرووی هەولێر بۆ ماچی قەڵات، سڵاوکردن لە هەرسێ قەیسەرییەکە دەهاتنە خوارێ، ئەو ئاوەی لە باخچە و شینایییەکان زیاد دەبوون، بۆ ئاوەدانی هەولێر بەکار هاتوون.

## باڵیۆزی ئیتاڵیا:

# سەرسامم بە گردۆڵکە مێژووییەکانی هەولێر



وێنە: ئەرشیفی باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا

موریزیۆ گرێگانتی باڵیۆزی پێشووی ئیتاڵیا لە عێراق لە لێدوانێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە خۆشەویستیی زۆری خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ شێوەژیان، کولتوور، جلوبەرگ و خواردنی ئیتاڵیایی، ئەرکی ئەوی لە برەودان بە بوونی ئیتاڵیا لەو وڵاتەدا ئاسان کرد، دەشڵێ بە زۆر شوێنەواری کوردستان سەرسامە، لەوانەش گردۆڵکە مێژووییەکانی دەشتی هەولێر.

ئەو ماوەی گرێگانتی لە عێراق بوو، گۆڕانکاریی گەورە لە عێراق و کوردستانیش روویان دا، سەروەختێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بۆ ئەو زۆر سەرنجڕاکێش بوو و بەکۆمەڵێ یادگاریی لەبیرنەکراوەوە ناوچەکەی بەجێ هێشت. لەو چوار ساڵەدا چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە، لە دیدارێکی (گڵکەند) رای گەیاند "سرووشتی کوردستان جوان و دڵگیرە. ئێمە لە ئیتاڵیا بەرزاییەکانی ئەلپمان هەیە؛ بەڵام ئەم دیمەنە سرووشتییەی ئێرە جیاوازە و هەروەک ئەوێ جوانە".

ئاماژەی بەوەیش دا لە سەردانەکانیدا چاوی بە سەرکردەکانی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی کەوتووە و سەرتاسەری کوردستان گەڕاوە، "زۆر شوێنم بینی تا هەوڵ بدەم لە خەڵکی هەرێمەکە و کولتوورەکەیان تێبگەم. راستیت پێ بڵێم، من وا هەستم دەکرد لە زێدی خۆمدام، زۆر لە بەهاکانی ئێرە هاوشێوەی کولتوور و نەریتەکانی ئیتاڵیان".

سەبارەت بە رۆڵی ئیتاڵیایش لە هەرێمی کورستان جەختی لەوە کرد ئیتاڵیا دەتوانێت لێرە زۆر شت بکات، بەتایبەت لە رووی هێنانی کۆمپانیاکانی ئیتاڵیا بۆ وەبەرهێنان لە هەرێم، ئەنجامدانی چالاکیی کولتووری و کارکردن لە بواری شوێنەوارناسی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندرووستیدا، گرێگانتی دەڵێ "کونسوڵی گشتی میشێل کامێرۆتا و تیمەکەی لەم رووەوە کاری چاک دەکەن و زۆر چالاکن"، وەک ئەوەی لەم دوواییەدا بەهاوکاریی کۆمەڵەی دانتی ئەلیغێری، چەند کۆرسێکی زمانی ئیتاڵییان لە زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر کردۆتەوە، ئەمە جگە لە سازکردنی چەندین چالاکی لە بواری خواردن و دیزاین و کولتوور و تەنانەت کۆنسێرتی ئۆپێرادا.

### کوردستانی دەوڵەمەند بە شوێنەوار

ئێستا لانی کەم ١١ تیمی شوێنەوارناسی ئیتاڵی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکانی کەلەپوور و شوێنەوار لە کوردستان کار دەکەن. ساڵی ٢٠٢٢ یەکەمین پارکی ئارکیۆلۆژی لە عێراق لە ناوچەی فایدە لە پارێزگای دهۆک کرایەوە، ساڵی ٢٠٢٣یش پارکێک لە خیننیس کرایەوە.

رێگانتی خۆشحاڵیی خۆی بەکارکردنی تیمە شوێنەوارناسە ئیتاڵیاییەکان لە کوردستان دەربڕی و وتی "سەردانی زۆر ناوچەی شوێنەواریم کردووە، من دەمزانی کوردستان خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە بەڵام نەمدەزانی چەندە دەوڵەمەندە". ئەوەیشی گوت "بوونی ئەو هەموو شوێنەوارە دێرینانە بۆ من جێی سەرسوڕمانێکی گەورە بوو، بۆ نموونە نووسینە ئاشوورییەکان لە پارکە ژینگەییەکەی فایدە و خیننیس بەڕاستی سەرنجڕاکێشە، کە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن تیمێکی ئیتاڵی سەر بە زانکۆی ئودینەوە بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر دانیاڵ مۆراندی بۆناکۆسییەوە دۆزرایەوە"، یەکێکی تر لەو شوێنانەی بەڕاستی سەرنجی راکێشاوە شوێنەکانی سەردەمی چاخی بەردینی نوێیە، کە کۆنتر و جیاوازترن. دەشڵێ "ژمارەیەکی زۆر گردۆڵکەیش لە دەشتاییەکانی هەولێردا هەن کە زۆربەیان لەلایەن خەڵکانی سەردەمی پێش مێژووەوە دروست کراون".

باڵیۆزی ئیتاڵیا سەردانی ئەو رێکخراوە ناحکوومییانەیشی کردووە کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و ئیتاڵیا پشتگیرییان دەکات، لەو بارەوە وتی ئەو کارەی رێکخراوە NGO کانی ئیتاڵیا دەیکەن مایەی دڵخۆشییە، وەک نەخۆشخانەکەی ئاکرێ و سەنتەری ئامادەکردنەوە و ئاوێتەکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی بۆ ئەو کەسانەی پەلوپۆیان لەدەست داوە، کارێکی گرنگیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیی سالاسیمیا و نەخۆشییە باوەکانی تری ناوچەکە کراوە. گرێگانتی سەردانی ئەشکەوتی شانەدەریشی کرد، کە لەم دوواییەدا لە فیلمی بەڵگەنامەیی (نهێنییەکانی مرۆڤەکانی نیاندەرتاڵ)دا لە نێتفلیکس پیشان درا. ئەشکەوتەکە پاشماوەی ١٠ مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدایە کە لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسیی سەر بە زانکۆی کۆڵۆمباوە دۆزرایەوە.

### هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

باڵیۆزی ئیتاڵی خۆشحاڵیی خۆی بە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ دەربڕی و بە (هەڵبژاردنێکی زۆر گرنگ) وەسف کرد؛ ئامادەیی وڵاتەکەیشی بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی هەرێم پیشان دا، تا هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێن و دادپەروەرانە بەڕێوە بچێت، "ئەم هەڵبژاردنە بۆ شەرعییەتی دامەزراوەکانی کوردستان، بە پەرلەمان و حکوومەتەوە و بۆ ئایندەی کوردستانیش زۆر گرنگە".

سەبارەت بە رۆڵی هێزەکانی ئیتاڵیا لە عێراق کە لە کەمپێکی سەر بە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن و مەشق بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، باڵیۆزی ئیتاڵیا وتی "ئێمە شانازی بەو کارە دەکەین کە تا ئێستا کردوومانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بەردەوام برەومان بە بەرنامەکانی مەشقپێکردن داوە. ئێمە لە ٢٠٠٣وە لێرەین و قەت ئێرەمان بەجێ نەهێشتووە تەنانەت لە مەترسیدارترین ساتەکانیشدا، چونکە باوەڕمان وایە ئەم وڵاتە لەڕووی ستراتیژییەوە وڵاتێکی گرنگە و یەکێکە لە کۆڵەکەکانی سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا".

جەختی لەوەیش کرد تا ئەو کاتەی حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بەوان بێت و داوای مانەوەیان بکەن، هێزەکانیان لێرە نارۆن.



بۆتان ئەحسین

# هەولێر لە داهاتوودا

ژمارەی کورد لە ئوردن زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسە، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەهێزیان هەیە، وەک خۆیان دەڵێن جێی متمانەی شای ئوردنن، بەڵام هێشتا چاویان لە بەرزبوونەوەی باڵەخانەکانی هەولێرە، پێیان وایە چەند هەولێر بەهێز بێت، جێپێی ئەوانیش قایمتر دەبێت.

کوردەکانی لوبنان ١٥٠ هەزار کەسن، نەک هەر نوێنەریان لە پەرلەمانی ئەوێ نییە، بەڵکو هەقی هەڵبژاردنی موختارێکیشیان نییە، وەک خۆیان دەڵێن مارۆنییەکان فەرەنسایان هەیە، سوننەکان سعودییەیان لە پشتە، شیعەش ئێران، ئەوانیش چاویان لە هەولێرە.

(مالمیمی) هونەرمەندێکی کوردی ئەنادۆڵی ناوەندە، ٤٠ ساڵ لەمەوبەر تورکیای بەجێهێشتووە و لە کۆڵنی ئەڵمانیا دەژی، کچەکەشی هەر لەوێ لەدایک بووە، هەمیشە لە باوکی دەپرسی: "ئەگەر راستڕەوەکانی ئەڵمانیا جڵەوی دەسەڵات وەربگرن و دروشمی دەرکردنی بیانییەکان جێبەجێ بکەن، ئێمە بۆ کوێ بچین؟". کاتێک (مالمیمی) بۆ چالاکییەکی رێکخراوی گۆتەی ئەڵمانی بۆ یەکەمین جار هاتووەتە هەولێر، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کچەکەی دەکا و دەڵێ: "لەمەودوا خەمی دەرکردنت لە ئەڵمانیا نەبێ، ئێمە وڵاتێکمان هەیە، خاوەنی پایتەخت، ئاڵا، سوپا و زمانی رەسمی خۆمانین".

کریستانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو باوەڕەدان مانەوەی ئەوان لە ناوچەکە راستەوخۆ بە چارەنووسی هەولێرەوە بەستراوەتەوە. چونکە بە درێژایی چەند سەدەی رابردوو شوێنی کریستیان و کورد هەمیشە هاوسێی یەکتر بووە، کەمترین رێژەی کریستیان لە قووڵاییەکانی کۆمەڵگە عەرەبییەکان هەبووە، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە کورد لەوانی تر پتر جێگەی دڵنیایین، بۆیە بۆ داهاتووش دەبێ لەگەڵ یەکدابن.

کارمەندانی کۆمپانیایەکی چینی لە بواری نەوت لە بەسرە کار دەکەن، رۆژانی هەینی و شەممە بۆ پشووی کۆتایی هەفتە دێنەوە هەولێر، بەڕێوەبەری کۆمپانیا دەڵێ کە بەرەو هەولێر دەکەوینە رێ، وا هەست دەکەین بەرەو زێدی خۆمان دەگەڕێینەوە.

کاسبکارێکی خەڵکی سووریا لە رقی ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەمیشە سووکایەتیی بە ئاوارە سوورییەکان دەکەن، دەڵێ: سوپاس کوردستان، کە بە ئاوارەیی هاتمە هەولێر، بەڵام بە هۆی خێر و بەرەکەتی ئەم هەولێرە بوومە ساحێبی بزنس و خانوو و هەموو شتێک، کەس پێمان ناڵێ بۆ لێرەن".

ئەمانە هەمووی چەند نموونەیەکن لە خەرواری زەنگینی بەهای کولتووری و کۆمەڵایەتیی هەولێر، کە ئەم شارە شیاوە بۆ ئەوەی ببێتە شارێکی میترۆپۆلیتانی. کە هەموو رەنگ و دەنگێکی جیاوازی لێ بژی و بەشدار بن لە بەرەوپێشوەچوونی بە ناسنامەیەکی کوردستانی کە تایبەتمەندیی کولتووریی و مێژوویی ئەو شارە لەبەرچاو بگرێ، لە هەمان کاتیش دڵنیایی بۆ ژیانی هەموو رەنگ و دەنگ و ئایین و نەتەوەیەک دابین بکات، ئەمەش چەمکی پیرۆزی ئەو شوێنانەیە، کە لە داهاتوودا مۆرکێکی گڵۆبال وەردەگرن.

## بەم زووانە بەنداوێکی هاوشێوەی دوکان و دەربەندیخان دروست دەکرێت

# هەولێر پڕ دەبێ لە بەنداو و پۆند



وێنە: سۆما نیازی

هەژار مەجید

له کاتێکدا ناوچەکە لەژێر هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا، زیادبوونی خواست لەسەر سەرچاوەکان و گەشەی خێرای دانیشتووان دایە، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا دروستکردنی چەندین بەنداو و پۆند، لە هەنگاوە ستراتیژییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لەمبارەیەوە ڕاوێژکارێکی باڵای حکوومەت ئاماژە بە هەنگاوەکانی داهاتوو دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە و موژدەی دروستکردنی بەنداوێکی گەورەی هاوشێوەی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان لە هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

ئەندازیار شێرکۆ محەمەد شەریف ڕاوێژکاری نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاو و بەنداوەکان لە لێدوانێکدا بۆ (گڵکەند)، باس لە پلانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوی سەر زەوی و نمونە بە پرۆژەی ئیفراز چواری هەولێر دێنێتەوە، کە ئێستا لە بواری جێبەجێکردن دایە و بڕیارە لە ماوەی ١٤ مانگدا تەواو بکرێت، لەم پرۆژەیەدا ئاو دەگەیەنرێتە ئەو شوێنانەی هەولێر کە خەریکە ئاوی ژێر زەوییان نامێنێت، خاڵێکی تریش ئەو ئاوەی کە بەکاردێت و پێی دەگوترێ ئاوی قورس پاک دەکرێتەوە و بەکار دەهێندرێ بۆ ئاودانی دار و باخچە و سەوزایی و شۆردنی ئۆتۆمبێل و زۆر شتی تر لە بری ئاوی پاک، ئێستاش کۆمپانیایەکی ژاپۆنی لە کوردستان کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی قورس، بۆ پاککردنەوەی و دووبارە بەکارهێنانەوەی.

هەروەها سەبارەت بە مەترسییەکانی کەمئاوی و کێشەی نەبوونی ئاو لە هەندێک ناوچە، ئەو ڕاوێژکارەی سەرۆک وەزیران دووپاتی دەکاتەوە کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا قەیرانی ئاو دروست نەبووە، وەک ئەوەی لە چەند ناوچەیەکی عێراق هەیە، بەڵکو ئەوەی هەیە گرفتی ئاوە لە هەندێک ناوچە لە وەرزی دیاریکراودا.

ئەو ڕاوێژکارەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، کە پێشتر لە وڵاتانی وەکو قەتەر، میسر، ئوردن و چەند وڵاتێکی ئەورووپی و لە کەنەداش کاری لە بواری ئاو و بەنداوەکاندا کردووە، باسی هەڕەشەی بە بیابانبوونی بەشێکی خاکی عێراق و مەترسییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات و ئاماژە بە توێژینەوەیەکی سویدی دەدات لەسەر گۆڕانکاری کەشوهەوا و پێی وایە کاریگەریی زۆری لەسەر خاکی عێراق دەبێت، بەتایبەت لەسەر ناوەڕاست و خوارووی وڵاتەکە، کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێک لە خاکەکەی بەهۆی نەمانی ئاو دەبێتە بیابان و کۆچی بە کۆمەڵ ڕوودەدات، لە هەمان کاتدا دەڵێ خۆشبەختانە بە پێی توێژینەوە سویدییەکە هەرێمی کوردستان هەڕەشەی بە بیابانبوونی لەسەر نییە.

له زۆرینەی وڵاتاندا ئاوێکی زۆر لە ژێر زەوی هەیە، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئاو دەبێ ئەو بیرەی لێ دەدرێت، زۆر قووڵ بێت، ئەندازیار شێرکۆ محەمەد شەریف باس لە توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٤ لە فەرەنسا دەکات کە ئاماژەی بە بوونی ئاوێکی زۆر کردووە لە عێراق، بەڵام گەیشتن بەو ئاوە ئاسان نییە و دەبێت تەکنەلۆژیای دەرهێنانی نەوتی بۆ بەکاربێت و تێچووی زۆری دەبێت.

باسیش لە گرنگی پۆند و بەنداو و لێدانی بیر دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە سامانی ئاو، کە وا دەکەن باراناو بچێتە ژێر زەوی و ئاوێکی زۆر لەسەر زەوی گل بدرێتەوە، هەروەها دەڵێ بەنداو دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی لافاو، خاڵێکی تریش لێدانی بیرە کە قووڵییەکەی لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ مەتر بێت، وا دەکات ئاوی باران بەسەر زەویدا نەڕوات و بچێتە ژێر زەوی، لە چەند شوێنێکی هەولێریش ئەو جۆرە بیرانە لێ دراون.

ئەندازیار شێرکۆ پێی وایە ئەو ئاوەی لە کوردستاندا هەیە ڕێژەکەی کەم نییە، بۆ نمونە زێی گەورە ساڵانە ١٠ ملیار مەتر سێجا بەرهەمی هەیە، بەڵام ئاوەکە بەفیڕۆ دەڕوات، ئێستاش پلان هەیە نەهێڵن ئەو ئاوە بەفیڕۆ بڕوات بە ئەنجامدانی پرۆژە، لە شاری هەولێریش ساڵانە لە وەرزی باران بارینداا ٤٠٠ ملیمەتر ئاو پێویستە بۆ ئەوەی قەیرانی ئاو ڕوو نەدات، واتا ئەگەر ئەو ڕێژە بارانە ببارێت ساڵەکەی نابێتە وشکەساڵی.

لەبارەی جۆرەکانی بەنداویشەوە، ئەندازیار شێرکۆ محەمەد شەریف ئەو بەنداوانەی لە هەرێمی کوردستان هەن بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات، بەنداوە گەورەکان وەکو دوکان و دەربەندیخان کە قەبارەی ئاوەکەیان ملیاران مەتر سێجایە و دەتوانن کارەبا بەرهەم بهێنن، بەڵام بەنداوە بچووکەکان قەبارەی ئاویان لە نێوان ٥ بۆ ١٥ ملیۆن مەتر سێجایە، بەگشتی دوو بەنداوی گەورەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان هەن و ئێستا کار بۆ سێیەمین بەنداو دەکەن کە بەنداوی «گۆپاڵ» دەبێت.

ئەوەی کە بەلای ئەندازیار شێرکۆ محەمەدیشەوە گرنگە سەرجەم ئەو بەنداوە بچوکانەی لە هەرێمی کوردستان دروست کراون، بە دەستی کۆمپانیای ناوخۆیی کراون. بەشێکیش لەو بەنداوانە توانای بەرهەمهێنانی کارەبایان دەبێت.


# 9 بەنداوەکەی کابینەی نۆیەم

## بەنداوی خنس



لە جۆری خاکی پڕکراوەیە و دەکەوێتە قەزای شێخانی پارێزگای دهۆک، توانای گلدانەوەی ٧ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە؛ بەرزییەکەی ٣٤.٥ مەترە و درێژییەکەشی بە سەرڕێژەوە ١٩٥ مەترە، هەروەها دەرچەی ئاودەرەکەشی دوو بۆڕیی تیرە ٩٠ و ٥٠ سانتیمەترین. سوودی بۆ کەرتی کشتوکاڵی، ئاوی ژێر زەوی و کەرتی گەشتیاری دەبێت.

## بەنداوی بەستۆرە



بەرزییەکەی ٣٠ مەترە و پانییەکەی ١٨٠ مەترە، درێژییەکەشی دەگاتە ٦٣٠ مەتر و دەتوانێت ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو لەخۆ بگرێت و ڕووبەری کۆکردنەوەی ئاوی باراناویشی دەگاتە ١٠٨ کیلۆمەتر چوارگۆشە، کاریگەریی لەسەر زیادبوونی ئاوی ژێرزەوی و بەراوکردنی هەندێک ناوچە دەبێت.

## بەنداوی ئاقووبان



لە پڕبوونیدا توانای گلدانەوەی ٢,٦ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە. ئێستا بەنداوەکە ٢,١ ملیۆن ئاوی گلداوەتەوە. ڕووبەری بەنداوەکە ٤٠٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیە، بەرزییەکەیشی ٣١ مەترە.

## بەنداوی گۆمەسپان




بەرزییەکەی ٧٠ مەتر و درێژییەکەشی ٥١٢ مەترە، دەتوانێت ١١٥ ملیۆن مەتر سێجا باراناو کۆ بکاتەوە، یەکەمجاریشە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، کۆنکرێتی جۆری ئارسیسی لە پرۆژەی دروستکردنی بەنداودا بەکار دەهێرێت.





## بەنداوی دوین



بەرزییەکەی ٧٥ مەتر و ٣٢٠ مەتر درێژە، توانای گلدانەوەی ١٠٠ ملیۆن مەترسێجا باراناوی هەیە، بە شێوازی کۆنکرێتیی ئاڕ سی سی دروست دەکرێ.

## بەنداوی چەمرگە



دەکەوێتە سنووری قەزای قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر کردەوە. ئەو بەنداوە لەلایەکەوە دەتوانن ئاو گلبدەنەوە و دەکرێ بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کشتوکاڵی سوودێکی زۆریان لێ وەربگیرێت بەرزی بەنداوەکە ١٧,٥م و درێژییەکەشی ٢٦٢ م و پانیەکەشی ٨ مەترە.

## بەنداوی شەوگێڕ




بەرزییەکەی ٣٠ مەترە، توانای گلدانەوەی (٢ ملیۆن مەتر سێجا) ئاوی هەیە و ئێستاش (١,٥ ملیۆن مەتر سێجا) ئاوی لێ گلدراوەتەوە، جگە لە بوونی ناوچەکە بە ناوچەیەکی گەشتیاری و سوودگەیاندن بە ئاوی ژێر زەوی، سوودی زۆری هەیە بۆ ئاژەڵداری و ئاودێری و سامانی ماسی ناوچەکە.

## بەنداوی توورەجار



دەکەوێتە سنووری شێخ تەویل لە گەرمیان لەسەر ڕووبەری ٤٥٠ هەزار مەتر دووجا دورستکراوە و بەرزییەکەیشی ١٧ مەترە و توانای گلدانەوەی ٢ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.

## بەنداوی دێوانە



ئەو بەنداوە دەکەوێتە باشووری شارۆکەی دەربەندیخان، ٤٢ مەتر بەرز و ٢٦٠ مەتر پانە، توانای گلدانەوەی ٢١ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.

# 145 مزگەوتی کوردەواریی دروست دەکرێن

**هەرمان خالید**

دوای ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی بە مۆرک و نەخشەی کوردەوارییانە ڕاگەیاندبوو، چەند مزگەوتێک بەپێی ستاندارد و ڕێنوێنیی ئەو پرۆژەیە دروست کراون و دەیان مزگەوتی نوێش چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

محەمەد موشیر بەڕێوەبەری ئەندازەی مزگەوتەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) رای گەیاند کە بڕیاری دروستکردنی ١٤٥ مزگەوت دراوە بەپێی ڕێنماییە نوێیەکە، زیاتر لە ٥٠ مزگەوت دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێرەوە.

پرۆژەکە بریتیە لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان بە نەخشەیەکی کوردەوارییانە و دروستکردنی مزگەوتی نوێ بە مۆرکی کوردی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کوردیش وەک گەلانی تری موسڵمان مۆرک و تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆی لە مزگەوتەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

محەمەد موشیر بەڕێوەبەری ئەندازەی مزگەوتەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (گڵکەند) وردەکاری نەخشەی نوێی مزگەوتی کوردەواری خستەڕوو کە بریتییە لە دروستکردنی مزگەوت لەسەر شێوەی کڵاو و جامانەی کوردی و دروستکردنی منارەی مزگەوتەکەش بە خشت (کەرپووچ) هاوشێوەی منارەی شێخی چۆلی لە هەولێر، کە منارەیەکی مێژووییە و لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی سەڵاحەدین ئەیوبی و حاکمیەتی سوڵتان مزەفەرەدین گۆگبەری لە هەولێر، لە باشووری ڕۆژئاوای قەڵا دروست کراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە پێنج هەزار مزگەوت بۆ نوێژکردن هەن، سێ هەزاریان وتاری ڕۆژی هەینییان تێدا دەخوێندرێتەوە. سەید کەمال بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەبارەی ژمارەی مزگەوتەکانەوە بۆ (گڵکەند) گوتی ئێستا لە سنووری ناو شاری هەولێر، زیاتر لە ٤٠٠ مزگەوت هەن.

تا ئێستا لە ناوەندی شاری هەولێر دروستکردنی دوو مزگەوت بەگوێرەی نەخشە نوێیەکە تەواو بووە، کە یەکێکیان مزگەوتی حاجی برایم مەنتکە لە گەڕەکی ڕۆشنبیری، هەروەها نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ڕەفاعیە لە گەڕەکی نیشتمان.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ەوە پرۆژە نوێیەکەی نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی مزگەوتی نوێی بە شێواز و مۆرکی کوردەوارییەوە ڕاگەیاندووە.



وێنە: ساماڵ تۆفیق

# مەزارگەی مێرەمەدیان.. چیرۆکی دەرکەوتنی حەزرەتی مەریەم لە عەنکاوە

**گڵکەند**

مەریەمانە یان مێرەمەدیان، کە دەکەوێتە دووریی سێ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی عەنکاوە، مەزارگەیەکی مەسیحییە کلدانەکانی عەنکاوەیە، بۆ نزا و سرووتە ئاینییەکان ڕووی تێدەکەن، بەتەمەنەکان پێیان وایە زەمانی خۆی حەزرەتی مەریەم لەوێ بینراوە.

ئەو مەزارگەیە، کە لە دوو گومەزی بچووک پێک هاتووە و دوو دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و دوو جاریش لە ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٥ نۆژەن کراوەتەوە.

هاووڵاتییە بەتەمەنەکانی عەنکاوە پێیان وایە ئەو شوێنەی مەزارگەی مەریەمانەی لەسەر بنیات نراوە، پێشتر کەنیسەیەکی کۆن بووە لە گوندێک و حەزرەتی مەریەمی دایکی پێغەمبەر عیسا، لەم شوێنە دەرکەوتووە، بۆیە ئەو ناوەی لێ نراوە.

تا ئێستا توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستیی ورد لەبارەی مەریەمانەوە نەکراوە، ئەوەی هەیە هەندێ زانیاریی گشتییە لەبارەی ئەم مەزارگەیە، بەڵام مەسیحییەکان پێیان وایە ئەم مەزارگەیە کەنیسەیەکی کۆن بووە لە نزیک گوندێکی کشتوکاڵیدا، هۆکاری دروستکردنیشی بۆ دەرکەوتنی «مەریەمی پیرۆز» لەم شوێنە دەگێڕنەوە.

سەبارەت بەو مەزارگە دێرینەی عەنکاوە، نەرمین عەلی ئەمین پرۆفیسۆر لە بواری شوێنەوار و مێژوو لە زانکۆی سەڵاحەددین، بۆ هەفتەنامەی (گڵکەند) گوتی مەریەمی پاکیزە لە کولتووری ئایینی مەسیحیدا کەسایەتی و پێگەیەکی زۆر گەورەی هەیە، بۆیە پەیڕەوانی ئەو ئایینە زۆرترین شوێن و کەنیسەیان بە ناوی مەریەمەوە کردووە، تەنانەت زۆرترین سروودەکانی مەسیحیش لەبارەی مەریەمە، مەریەمی پاکیزە نە تەنها بە لای مەسیحییەکانەوە؛ بەڵکو پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام و یارسانەکانیش بە کەسێکی پیرۆزی دادەنێن.

سەبارەت بە بنەچەی وشەی «مەریەمانە»شەوە پێی وایە لەناوی حەزرەتی مەریەمەوە هاتووە و بە واتای ئەو شوێنە پیرۆزەی پەیوەندی بە حەزرەتی مەریەمەوە هەیە.


مەسیحییەکان ساڵانە لە ١٥ی ئابدا سەردانی ئەو شوێنە دەکەن و دەگوترێ لە جێگای ئەو مەزارگەیە کەنیسەیەکی کۆن هەبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاسەوارێکی کەنیسە کۆنەکە لەم شوێنەدا نەدۆزراوەتەوە.

سەبارەت بە مێژووی مەزارگەی «مەریەمانە«شەوە دکتۆر نەرمین پێی وا نییە مێژوودییەکی دوور و درێژی تۆمارکراوی هەبێت، بەڵکو دروستکردنەکەی لە شێوەی مەزارگە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

دکتۆر نەرمین هەروەها ڕەتی دەکاتەوە کاتی خۆی حەزرەتی مەریەم هاتبێتە عەنکاوە، دەڵێ ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن گوایە مەریەمی پاکیزە هاتبێتە ئەو شوێنە، ڕاست نین، ساڵی ١٩٩٦ بۆ بڕوانامەی دکتۆراکەی، توێژینەوەی لەمبارەیەوە کردووە، مەزارگەکە سەرەتا لە قوڕ دروست کرابوو، دواتر کرا بە کۆنکرێت، لەسەر دوو گوومەزەکەیدا دوو خاچ دروست کران، بەڵام بینایەکە لە ناوەوە یەک پارچەیە و چەند تاقێک لە دیوی ناوەوەی دیوارەکانی دان بۆ دانانی مۆم لە کاتی نوێژ و پاڕانەوەدا بەکار دێن.

بەر لە چەند ساڵێک شوێنەوارێکی مێژوویی لە نزیک مەزارگەی مەریەمانە دۆزرایەوە، لیژنەیەک بە ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر سەردانیان کرد، بینیان نشینگەیەکی زۆر کۆنی سیرامیک و چەند پارچە گۆزەیەکی تێدایە، مێژووەکەی بۆ ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، دکتۆر نەرمین پێی وایە پاشماوەکان بەڵگەی ئەوەن کە شوێنەکە خەڵکی تێدا ژیاوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی دکتۆر نەرمین عەلی، ئەو مەزارگەیە هی تەواوی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی نییە، بەڵکو شوێنێکی لۆکاڵییە و تایبەتە بە مەسیحییەکانی عەنکاوە کە بەمەزەب کلدانن، بۆیە تەنها کلدانەکان ئەو شوێنە بە پیرۆز دەزانن و بۆ نەزر و نزا ڕووی تێ دەکەن.







وێنەکان: گۆگڵ ماپ



گۆران سەباح

# بتشکێن

لە کۆمەڵگەی ناهۆشیاردا، پفدان دەبێتە پیشەی تاکی ناهۆشیار. تاکی ناهۆشیار واتە تاکێکی نائاگا و نەزان و ناحاڵی. هیچی لەباردا نییە، بەڵام وەستایە لە پفدانی تاکێکی تر تا خۆی پێ هەڵکێشێت، لە پەنایەوە، خۆی پێ گەورە بکات.

ئەم پفدانە مەترسیدار دەبێت کاتێ بەشێکی زۆری کۆمەڵگە تاکێک پف دەدەن و دەیکەن بە شت، لە کاتێکدا، ئەو تاکە شایستە نییە، هاوکات، هەقی تاکێکی تر دەخۆن کە شایستەی ئەوەیە بایەخی پێ بدرێت و بخوێنرێتەوە، نەک پف بدرێت.

ئەم پفدانە لە دنیای سیاسەت هێند زۆرە، لە تام چوویتە دەرێ و بێزراو بووە، بووەتە دیاردەیەکی کرێت و کم. ئەمە لکی هاویشتووە بۆ ناو کایەی ئەدەب و هونەریش.

لە فەزای ئەدەبدا، بەختیار عەلی و کاروان کاکەسوور بە نموونە وەردەگرم. بەختیار زیاد لە پێویست پف دراوە، هاوتەریبی ئەمە، کاروان زیاد لە پێویست فس کراوەتەوە. یەکەمیان هێند گەورە کرایە، کرایتە بت و دەیپەرستن، موریدانی، پێیان کفرییە ڕەخنەی لێ بگری. دووەمیان، هێند گچکە کرایتەوە، هێند شکێنراوەتەوە، لەبیر کراوە، زۆر جار ناشیرین دەکرێ بە وتاری کرچوکاڵ و هەڕەمەکی، نەیارانی خواخوایانە یەکێک ڕەخنەی لێ بگرێت، یەکسەر دەبنە دۆستی و ستایشی دەکەن.

کاتی خۆی کە ڕەخنەم لە ڕۆمانی تەرمەوان گرت، ئەو ڕاستییەم بۆ هاتە سەلماندن، هەرچی موریدی بەختیار بوو، تەنانەت ئەوانەیشی کە تا سەر ئێسک دژم بوون، دەستخۆشیان لێ کردم، بەڵام هەر ئەوان، هەزار جنێو و ناو و ناتۆرەیان پێ گوتم لەسەر ڕەخنەکانم لە بەختیار.

ڕاستی ئەوەیە: ئەو ناو و ناوبانگەی بەختیار عەلی، دەبا ئیی کاروان کاکەسوور با، چونکە لە ڕووی فیکر، ڕۆماننووسین، تێگەیین لە فەلسەفە و قووڵیی ئەزموونی نووسین، کاروان باڵاترە لە بەختیار. زۆریش. بەس چ دەکەی لەگەڵ خوێنەری ناهۆشیار؟ لەگەڵ شارچییێتی؟ لەگەڵ تاکی ناحاڵی؟



سەربەست مەجید

چیرۆکی کەشتییەکەی نوح بۆ چەندین سەدە زانایان و باوەڕدارانی ئایینە جیاوازەکانی سەرسام کردووە، تیۆرەی جیاواز لەبارەی شوێنی گیرسانەوەی هەن، سەرباری ئەوەی بە شێوەیەکی نەریتی چیای جوودی لە باکووری کوردستان بەهێزترین ئەگەری هەیە کە شوێنی گیرسانەوەی کەشتییەکە و دەست پێ کردنەوەی ژیان بووێت لە دوای لافاوە گەورەکە، بەڵام هێشتا ئەم شوێنە بە تەواوی یەکلا نەبووەتەوە، زۆر نەتەوە و وڵاتی جیهان هەن ناوچەکەیان بە واری کەشتی نوح دەزانن، بەم دواییەش توێژەرێکی کورد چەند بەڵگەیەکی نوێی لەبارەی گیرسانەوەی کەشتییەکە لە چیای سەفین لە هەرێمی کوردستان کۆ کردووەتەوە.

# لەنگەرگرتنی کەشتیی نوح لە شەقڵاوە

**ڕێبەند سەعدوڵا**

جیۆلۆجی کورد سەربەست مەجید خۆشناو کە سەرۆکی ئینیستیتیوتی بەرد و گەوهەرەکانە لە هەرێمی کوردستان و جگە لە بواری جیۆلۆجی، گرنگی بە مێژوو دەدات، لە توێژینەوەیەکدا ژمارەیەک بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی کۆ کردووەتەوە بۆ خستنەڕووی بۆچوونێکی نوێ لەبارەی شوێنی گیرسانەوەی کەشتی نوح و ڕای دەگەیەنێ ئەو کەشتییەی بە سەرەتای دەست پێ کردنەوەی ژیان دادەندرێ، لەسەر چیای سەفین لە باشووری کوردستان گیرساوەتەوە.

سەربەست مەجید کۆمەڵێک بەڵگەی کۆ کردووەتەوە و دووپاتی دەکاتەوە کە بۆ سەلماندنی ئەو بەڵگانە، وا باشە زانکۆکانی کوردستان بە هاوکاریی لەگەڵ زانکۆکانی ڕۆژئاوا، لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن، بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لە پاشماوەی پەیکەرێک بکرێت کە ئێستا لە بناری چیای سەفینە لە شارۆچکەی شەقڵاوە (٤٠ کم باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر)، پێی وایە ئەو پەیکەرە هی ئاشوور ناسرپاڵی دووەم یەکێ لە پادشاکانی ئاشوورە کە دەسەڵاتی بەسەر میزۆپۆتامیادا سەپاندبوو، ئەو چیایەی کە پێی گەیشتبوو و گومان دەکرێ چیای سەفین بێت، ئەو بە چیای نەسیر ناوی بردووە.

ئەو جیۆلۆجیە کوردە لە توێژینەوەکەیدا کە لە گۆڤارێکی زانکۆیی لە سنووری پارێزگای هەولێر بڵاوی کردووەتەوە، سەرەتای بۆچوونە نوێیەکەی بە لێکۆڵینەوە لە ناوی چیای سەفین دەست پێ کردووە و دەڵێ لە سەردەمێکدا چیای سەفین ناوی چیای سەفینە بووە و لەلایەن لەشکری عەرەبیی ئیسلامییەوە ئەو ناوەی بەسەردا سەپێندراوە، ئەمەش بە وەرگێڕانی ناوە کۆنەکەی جارانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە پێشتر پادشا سەنحاریب (٧٤٥ پ.ز) پادشای ئاشوورییەکان بە چیای خانی ناوی بردبوو.

سەربەست مەجید لەمبارەیەوە لە دیدارێکیدا بۆ (گڵکەند) زانیاریی زیاتر دەخاتە ڕوو و دەڵێ: ”گلگامش پادشای ناوداری دەوڵەتی ئوروکی سۆمەری لە سەردانەکەیدا بۆ لای نوح، تا لەبارەی نهێنیی نەمرییەوە پرسیاری لێ بکات، چووەتە سەر چیای سەفین، ئەو کاتە چیای سەفین بەپێی تۆمارەکانی ئاشووری و داستانی گلگامش، ناوی چیای نەسیر بووە، دواتر لە سەردەمی سەنحاریبدا ناوی چیاکە بەهۆی خێروبێر و خۆشییەکەیەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ناوی چیای کوینبی و هەروەها چیای بەهەشتی لێ نراوە، دواتریش وەکو زێدی گیرسانەوەی کەشتی نوح، ناوەکەی بووە بە شاخی خانی.“ ئەمەش لە کاتێک دایە کە وشەی خانی لە داستانی گلگامشدا هاتووە، کاتێ خوداوەند فەرمان بە ئوتونەبشتەم (نوح) دەکات خانی دروست بکات، بەو واتایەی کەشتی دروست بکات.

بەپێی دەقی داستانی گلگامش کە لەلایەن تەها باقر ناسر (١٩١٢ — ١٩٨٤) لە زمانی ئەکەدییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، خانی واتە پەیکەری قەسر و بینا. تاکو ئێستاش لە سنووری هەولێر و دەوروبەریدا خانی بە مانای پەیکەری ماڵ دێت، پێدەچێ پەیوەندیدار بێت بەو پاشخانە زمانییە مێژووییەی کە لە (خانی)ی کەشتیی نووحەوە لەم ناوچەیەدا ماوەتەوە، هەروەک لە بەڵگەنامەکانی سەنحاریبیشدا ناوی شاخەکانی خانی لە نزیک هەولێر و لە دەوروبەری ئاوی بەستۆڕە هاتووە.

بەپێی لێکدانەوەکانی ئەو توێژەرە، زمانی دانیشتوانی ئێستای بناری سەفین ڕەگی بۆ ئەو زمانە دەگەڕێتەوە کە نوح و نەوەکانی قسەیان پێ کردووە، بەڵام کە لەشکری عەرەبی ئیسلامی گەیشتوونەتە ناوچەکە، ناوی شار و شاخ و هەموو شتێک و ماناکانیان پرسیوە و وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ناوی ئەو چیایەش کە (خانی) بووە و وەک ئاماژە بۆ پەیکەری خانیی کەشتیی نوح هاتووە، چونکە شوێنی گیرسانەوەی کەشتیی نوح بووە، مانای ناوەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و کراوە بە (جبل سفینە)، دواتر بەهۆی نەبوونی هەمزەی کۆتایی سەفینە لە زمانی کوردی و بۆ ئاسانتر گۆکردن سەفینە کراوە بە سەفین.

توێژەرەکە تێبینیشی هەیە لەبارەی ناوهێنانی وشەی (جوودی) لە دەقی قورئاندا وەک شوێنی گیرسانەوەی کەشتییەکەی نوح و دەڵێ لەم دەقەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بە شوێنەکە نەدراوە، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەو ناوە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی شوێنەکەوە هەبێت، نەک ناوی شوێنەکە، لەمبارەیەوە زیاتر دەڵێ ”وشەی جوودی لە زمانی عەرەبیدا لە جود، واتە خێر و بەرەکەت وەرگیراوە، هەر بۆیە (ی)ی کۆتایی شەددەی لەسەرە“.

سەبارەت بە پەیوەندیی (جوودی) بە وشەی (گووتی) یان (گوودی)یشەوە وەکو نەتەوە، کە بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی باکووری میزۆپۆتامیایان کردووە، دەڵێ ئەمەش ئەگەرێکی دیکەی بەهێزە کە شوێنی نیشتنەوەی کەشتییەکەی نووح لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بووبێت و جوودی بە مانای ناوچەی گووتییەکان یان گوودییەکانەوە هاتبێت، کە لە زمانی عەرەبیدا (گ)ی کوردی دەبێت بە (ج).

## پەیکەری ئاشوور ناسرپاڵی دووەم و نهێنییە گەورەکە

دەیان ساڵە پاشماوەی پەیکەرێکی کۆنی بەردین لە بناری چیای سەفین ماوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ کەسێک باسی لێوە بکات و پێی بزانێ، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، بەڵام سەربەست مەجید لە میانی توێژینەوەکەیدا لەبارەی شوێنی گیرسانەوەی کەشتی نوح، گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە پاشماوەی پەیکەرەکەی بناری چیای سەفین هی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمە کە باپیرە گەورەی سەنحاریب بووە.

لەمبارەیەشەوە بەگوێرەی تۆمارەکانی سەنحاریب وردەکاریی دەخاتە ڕوو و دەڵێ: ”ئاشوور ناسرپاڵی دووەم کە یەکەم جار گەیشتووەتە ناوچەی شەقڵاوە، بە دەربەندی کیرۆردا تێپەڕیوە (دەربەندی کۆڕێی ئێستا، ٣٥کم باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر)، بەیانیان لەشکرەکەی لە ناوچەی شەمامکەوە (٢٠کم باشووری هەولێر) هێرشی دەکردە سەر لوولووبییەکان لەسەر کێوی نەسیر (چیای سەفین) و ئێواران دەگەڕانەوە ناوچەی شەمامک.“

توێژەر ئەو گێڕانەوەیەی ئاشوور ناسرپاڵی دووەم بە بەڵگەیەکی تر دەزانێ بۆ ئەوەی کە چیای سەفین شوێنی گیرسانەوەی کەشتی نوح بێت نەک چیای جوودی، چونکە چیای جوودی کەوتووەتە دووری نزیکەی ٣٠٠ کم باکووری ڕۆژئاوای هەولێر و مەحاڵە ئەوسا لەشکرێک توانیبێتی بەیانییان ئەو ڕێگە دوورە ببڕێت و بچێت بۆ شەڕ و ئێوارەش بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. سەربەست مەجید باسیش لە شێوەی وەسفکردنی چیای نەسیر دەکات لەلایەن ئاشوور ناسرپالی دووەمەوە و دەڵێ کاتێک لە شوێنی پاشماوەی پەیکەرەکەی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمەوە سەیری چیای سەفین دەکەی، ڕێک ئەو دیمەنەی لوتکەکە دێتە بەرچاوت، کە ئاشوور ناسرپاڵی دووەم باسی کردووە کە چۆن ڕووەو ئاسمان هەڵکشاوە.

هەروەها بەڵگەیەکی تری ئاشوور ناسرپاڵی دووەم ئەوەیە کە دەڵێ کاتێک چیای نەسیری گرتووە، پادشا بەبەی کوڕی بابۆ پادشای لوولووبییەکانی بە زیندوویی کەوڵ کردووە و ٢٧٠ کەسی لە لەشکرەکەی کوشتووە، دوایی بە کەللەسەرەکانیان گردێکی دروست کردووە، لەسەر کانی و ئاوەکەشی پەیکەرێکی بۆ خۆی دروست کردووە و شانازییەکانی لەسەر نووسیوەتەوە. لێرەوە سەربەست مەجید دەگەڕێتەوە شەقڵاوە و بناری سەفین، باس لەو کانییە دەکات کە بە ناوی دەنگارەیە و سەدان ساڵە لە شەقڵاوە هەیە، پێی وایە پاشماوەی ئەو پەیکەرەی لە نزیک کانییەکەیە، هی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمە کە بۆ خۆی دروستی کردووە.

پەیکەرەکە ئێستا بە تەواوی ماوەتەوە و ڕووی لە عەشتارە واتە ڕووی لە شاری هەولێرە، ئەمەش یەکێک بووە لە مەرجەکانی ئاشوورییەکان کە هەر پەیکەرێکیان دروست کردبێت ڕووی لە عەشتار بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەیکەرەکە لە بەردی گرانێت دروست نەکراوە، بەڵکو بە بەردی ناوچەکە دروست کراوە، شێوەی پەیکەرەکە زۆر شێواوە. هەروەها لە پشت پەیکەرەکەشدا ئەشکەوتێک دروست کراوە بۆ ئەوەی ئاگری لێ بکەنەوە، دەوروبەری پەیکەرەکەش بە قووڕ گیراوە، بەشی زۆری ئەو قووڕە نەماوە، تەنها کەمێکی لە ژێرەوەی پەیکەرەکە دۆزراوەتەوە، سەربەست مەجید نمونەی ئەو قووڕە و ئەو بەردەی وەرگرتووە کە پەیکەرەکەی پێ دروست کراوە و لە زانکۆی سۆران (١٠٠کم باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر) تاقیکردنەوەی لەسەر کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە پێکهاتە کیمیاییەکەیان جیاوازە لە قووڕ و بەردی ناوچەکە، چونکە زیاتر لە سێ هەزار ساڵە قوڕەکە سوور کراوەتەوە و مادەی تری تێکەڵ کراوە، ڕێژەی کوارتز و دۆڵەمایتی جیاوازە لەوەی ئێستا لە ناوچەکە هەیە.

توێژەرەکە بۆ قۆناغی ئێستا بە پێویستی دەزانێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکانی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە لەسەر چیای سەفین و بناری چیای سەفین ڕابگرێت، تا ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیی بەرفرەوان لە سنوورەکە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە کەشتیی نوح لەوێ گیرساوەتەوە، دەشڵێ ئەم دۆزینەوەیە دەبێتە دەروازەیەکی نوێی گەورە بەڕووی گەشتیارانی جیهاندا بەرەو هەرێمی کوردستان، هەروەها داواش دەکات زانکۆیەکی جیهانی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو پەیکەرە بکەن کە ئەو پێی وایە هی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمە، دەشڵێ ئەگەر بتوانن بیسەلمێنن کە ئەوە پەیکەری ناسرپاڵی دووەمە، ئەوا هیچ گومانێک نامێنێتەوە بۆ جیهان کە کەشتیی نوح لە سەفین گیرساوەتەوە.

لەبارەی چیای جوودییەوە کە لە کۆنەوە بە شوێنی گیرسانەوەی کەشتیی نوح داندراوە، سەربەست مەجید ڕەتی دەکاتەوە کەشتی نوح هیچ شوێنەوارێکی مابێت و هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە لە هیچ شوێنێکدا گیرسابێتەوە، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی باسی مانەوەی پاشماوەی کەشتیی نوح دەکەن، بە دوور لە ڕاستی وەسف دەکات، چونکە مێژووی کەشتیی نوح بۆ دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و هیچ دارێکیش نییە دە هەزار ساڵ بمێنێتەوە، بۆیە ئەو توێژەرە پێی وایە هەر لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لە کەشتیی نوح بکرێت، بێ بنەمایە و لە ڕێگەی شوێنەوارناسیەوە ناتواندرێ لێکۆڵینەوە لە کەشتیی نوح بکرێت، ئەوەی تا ئێستا شوێنەوارناسی لەبارەی مرۆڤەوە پێی ڕاگەیشتووە سەردەمی سۆمەرییەکانە، لە کاتێکدا ڕووداوی گیرسانەوەی کەشتیی نوح بە لایەنی کەمەوە چەند سەدەیەک بەر لە سۆمەرییەکان بووە.

وێنە: زیرەکیی دەستکرد

## بۆچی نرخی خانووبەرە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆك جیاوازە؟

# کۆمپانیاکان نهێنییەکە ئاشکرا دەکەن

**بیلال سەعید**

گ پێشتر لە هەفتەیەکدا چەندین گرێبەستی کڕین و فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵکمان دەکرد، بەڵام ئێستا هەفتانە تەنیا یەک گرێبەست یان کەمتریش دەکرێ. کارزان عەلی خاوەنی نووسینگەیەکی خانووبەرە لە سلێمانی ئەوها باسی بازاڕی شارەکەی دەکات و پێی وایە بازاڕەکە خەریکە دەوەستێ، جارێ نرخەکان لە شوێنی خۆیانن، بەڵام پێدەچێ دابەزینی بەدوادا بێت.

سێ کۆمپانیای بەناوبانگی خانووبەرە لە هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە بەراوردی بەهای موڵک لە نێوان ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤دا ڕای جیاوازیان هەیە، بە ڕادەیەک کۆمپانیایەکی هەولێر پێی وایە بەهای موڵک لە ٢٠٢٤دا دابەزیوە، بەڵام کۆمپانیایەکی دهۆک دەڵێ نرخەکان بەڕێژەی نزیکەی ١٥٪ بەرز بوونەتەوە.

بازاڕی خانووبەرە لە ئاستی جیهانی و ناوخۆدا پرسێکی ئاڵۆزە و لە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر دایە. لە کاتێکدا کە ڕووداوە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییە جیهانی و ناوخۆییەکان دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت، بەڵام هۆکارەکانی دیکەی وەک گۆڕانی دیمۆگرافی و کەشوهەوا و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری بە ئاستی جیاواز کاریگەرییان لەسەر بازاری خانووبەرە دروست کردووە.

هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ەوە لە ململانێیەکی توند دایە لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر پرسی شایستە داراییەکان و لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بەردەوام نرخەکانی موڵک گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ململانێی هێزە سیاسییەکان لە ناوخۆدا، زۆری هاتنە بازاڕی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، وەستانی چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون، کاریگەریی ئەرێنیان لەسەر بازاڕی خانووبەرە دروست کردووە.

دڵشاد عەبدولواحید، خاوەنی کۆمپانیای هۆنیا بۆ نێوەندگیریی خانووبەرە لە هەولێر کە زیاتر لە ٢٠ ساڵی ئەزموونی لە بوارەکەدا هەیە و کۆمپانیاکەی حەفت لقی لە هەولێر هەیە، ڕای وایە بە ئەندازەی ڕووداوە ناوخۆییەکانی عێراق و کوردستان، ڕووداوە جیهانییەکانیش کاریگەرییان لەسەر بازاڕی خانووبەرەی کوردستان بەتایبەت هەولێر هەبووە.

خاوەنی هۆنیا بۆ بڵاوکراوەی (گڵکەند) دەدوێ و وای دەبینێ کە بازاڕی خانووبەرە لە نێوان ٢٠٢٣ بۆ ٢٠٢٤ بەشێوەیەکی گشتی باش نەبووە و کڕیار لە بازار کەم بووەتەوە، بەڵام شەڕی ئۆکراینا و فەلەستین و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەری نەرێنی هەبووە، کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و کوردستانیش کاریگەریی گەورەیان هەبووە، بەڕادەیەک بەهای موڵک لە ساڵی ٢٠٢٤ بە بەراورد بە ٢٠٢٣ بە ڕێژەی ١٥٪ بۆ ٢٠٪ دابەزیوە.

دڵشاد هۆکاری دابەزینی بەهای موڵک بەتایبەت شووقە بۆ خراپی مامەڵەی وەبەرهێنەرەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: "بەشێک لە خاوەن پرۆژەکانی نیشتەجێبوون پارەی پێویستیان لەبەردەستدا نییە و چاوەڕێی فرۆشتن و وەرگرتنی قیستی دووەم دەکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان تەواو بکەن، ئەمەش وای کردووە بازاڕ و نرخی شووقە لە ٢٠٪ەوە بۆ ٤٠٪ دابەزێ، ڕێژەی کڕیاریش کەم بووەتەوە و ئەوەی هەیە تەنیا ئەوانەن کە بەنیازی وەبەرهێنان کڕین ئەنجام دەدەن".

بەپێچەوانەی تیڕوانینی خاوەنی کۆمپانیای هۆنیا، سۆران محەمەد بەڕێوەبەری کۆمپانیای باخی سیرین کە یەکێک لە گەورە کۆمپانیاکانی نێوەندگیریی خانووبەرەیە لە سلێمانی بۆ (گڵکەند) گوتی کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە نرخ ڕووی نەداوە و بازار ڕووبەڕووی وەستان بووەتەوە، بەڵام نرخ وەک ئەوەی بەرز نەبووەتەوە، داشنەبەزیوە، بەڵام کڕیار لە بازاڕ کەم بووەتەوە.


لای خۆیەوە دەشتی نافیع بەڕێوەبەری عەقاراتی دەشتی لە دهۆک کە چوار لقی لە سەنتەری شارەکە هەیە و یەکەم کۆمپانیای زنجیرەییە لە شارەکە بۆ (گڵکەند) ئاماژەی بەوە دا کە بازاڕی خانووبەرەی دهۆک جیاوازە وەک لە هەولێر، لەبەرئەوەی کڕیاری کۆتایی واتە ئەو هاووڵاتییەی بۆ خۆی یەکەیەکی نیشتەجێبوون دەکڕێت یان موڵک دەکڕێت زیاترە و کەمتر وەک هەولێر بۆ وەبەرهێنان موڵک دەکڕدرێت، بۆیە لە زۆرینەی شوێنەکان نرخی موڵک بەڕێژەی ١٥٪ بەرز بووەتەوە.

دەشتی دەڵێ ئەو پڕۆژانەی شووقە کە تەواو بوون و کڕیار دەتوانێت ڕاستەوخۆ کلیل وەربگرێت و بڕواتە ناوی، بەدڵنیایەوە بارودۆخیان زۆر باشترە لەو پڕۆژانەی کە ئێستا لە قۆناغی کارکردنن.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی دهۆک ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر بازاری ئەوانیش دەبێت، بەڵام کارکردنی بەردەوام لە پرۆژەکان و وەبەرهێنەری خاوەن سەرمایە دەتوانێت بەکارکردن بازارەکە بە جێگیری بهێڵێتەوە و ڕێگری بکات لەوەی نرخەکان دابەزن.



وێنە: سەفین حەمید



جان دۆست

## هەولێر بەردی ئازادی

لە یەکەم سەردانمدا بۆ هەولێر، کە بەداخەوە ساڵەکەیم لە بیر نەماوە، کاتێک لە فڕۆکەکەوە دەمڕوانی، هەستم کرد هەولێر بازنەیەکی ئاوەدانییە، چەقەکەی قەڵایەکە لە زەوی بەرز بووەتەوە و شەقامە سەرەکییەکانی شار رووی تێدەکەن.

لەبەر ئەوەی من هەمیشە بە هەستێکی شاعیرانەوە سەیری شتەکان دەکەم، هەولێرم وا هاتە بەرچاو کە قەڵایەکەی بەردێک بێت فڕێدرابێتە ناو گۆمە ئاوێکەوە و چەندین بازنەی بە دەوردا دروست بووبن کە تا دێ لە چەقەکەی دوور دەکەونەوە. ئەو بەردە بەردی ئازادییە.

ئەو ئازادییەی کە هەولێر پاش ڕاپەڕینی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بەدەستی هێنا، دوا بە دوای سەردەمێکی درێژ لە ستەمکارییەکانی ڕژێمی بەعس، کە گەلی کورد بە خەباتێکی بێوچان بەرەنگاری دەبووەوە.

ئەو هەناسەی ئازادییەی کە دوای ڕاپەڕین بە گیانی هەولێردا گەڕا، لە ماوەیەکی کورتدا، کردی بە ناوەندی بڕیاری کوردی و مەرجەعیەتێک بۆ کورد لە هەر شوێنێک بن.

ئەوەی سەردانی هەولێر بکات، عاشقی دەبێت. چاودێری گەشەی خێرای شارسازی دەکات و لە ڕاز و نیازی دڵی خۆیدا، پلان دادەنێ، هەر کاتێک دەرفەتی بۆ ڕەخسا، دووبارە سەردانی بکاتەوە. حاڵی منیش هەر وا بوو، کە دوای یەکەم سەردانم هەولێرم بەجێهێشت.

ئێستا نزیکەی ساڵ و نیوێکە لە هەولێر نیشتەجێم. پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان من و ئەم شارەدا پەرەی سەندووە. کاتێک بۆ پشوو دەچمەوە ئەڵمانیا، بیری دەکەم. ڕۆژەکان دەژمێرم و چاوەڕێ دەکەم پشووەکە بە خێرایی تێپەڕێت، تا بگەڕێمەوە بۆ ئەو هێلانە تازەیەی کە چارەنووس لەم شارە نازدارەدا بۆی دروست کردووم.

هەولێری ئێستا شارێکی فرە ڕوخسار و فرە کولتوورە. کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسیایی و ئەورووپی و ئێرانی تێدا دەژین. شارێکە توانیویەتی هەموو کولتوور و زمانەکان پێکرا کۆبکاتەوە و، پردی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەڵبەستێ. هەموودەمێ قاوەخانەکانی لە میوان و گەشتیاران جمەیان دێ، کە لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە دێنە کوردستان. لێرە هەموو کەس بە ئارامی دەژی و هەمووان دەرفەتی کار و پەناگەیەکی ئارام دەدۆزنەوە، پاشئەوەی جەنگەکان زێدی خۆیانی لێ وێران کردوون.



## ئاماری ساڵێکی نەخۆشخانەیەکی هەولێر

# کامێرا 1333 کەس لە ڕووداوی هاتوچۆ دەپارێزێت

**گڵکەند**

گ دوای ئەوەی سیستەمی کامێرای خاڵ بۆ خاڵ لە هەرێمی کوردستاندا گۆڕانێکی گەورەی دروست کرد و هەزاران کەسی لە بوون بە قوربانیی ڕووداوی هاتوچۆ ڕزگار کرد، پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر دەست بە هەنگاوێکی نوێ دەکات بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی ناو شار، لە ڕێگەی دانانی سیستەمێکی نوێ، کە پشت بە زیرەکیی دەستکرد دەبەستێت.

لەوەتەی داهێنانی ئۆتۆمبێلەوە کە لە فۆرمێکی زۆر سەرەتاییدا بوو و ڕێگەوبانەکان تەسک و نارێک بوون، تا ئەمڕۆ کە پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە لوتکە دایە و ڕێگەوبانەکانیش تا ئەوپەڕی پێشکەوتوون، زیرەکیی دەستکردیشی هاتووەتە سەر، هیچ کات مرۆڤ لە ڕووداوی هاتوچۆ ڕزگاری نەبووە، بەڵام تەکنەلۆژیا ڕێگەکەی کورت کردووەتەوە و ئێستا بەهۆی زانستی نوێوە ڕێژەی قوربانییەکان بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لە هەموو جیهاندا ڕوو لە کەمیە، هەرێمی کوردستانیش لەم پێشکەوتنە بەدەر نەبووە و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دەست بە دامەزراندنی کامێرای تیژڕۆیی کراوە.

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، کە وەک نموونە بۆ ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەدا پشتی پێ بەستراوە، لە ماوەی هەشت مانگی ئەمساڵدا، لە کانوونی دووەمەوە تا کۆتایی ئاب، ١٨٨٩ کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە بوونەتە قوربانی، بەم شێوەیە تا کۆتایی ئەمساڵ ژمارەکە چاوەڕوان دەکرێ بگاتە ٢٨٣٣ قوربانی، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣دا ژمارەی قوربانییەکانی ڕووداوی هاتوچۆ بەپێی ئامارەکانی هەمان نەخۆشخانە، ٤١٦٦ کەس بوون، بەم شێوەیە ئەمساڵ ١٣٣٣ کەس کەمتر لە پار لە یەک نەخۆشخانەدا وەک قوربانیی هاتوچۆ تۆمار دەکرێن، واتە ١٣٣٣ خێزان لە لەدەستدانی منداڵ، دایک یان باوک، یان خوشک و برا ڕزگاریان دەبێت. هۆکاری سەرەکیی ئەم کەمبوونەوەیەش دانانی کامێرای تیژڕۆیی خاڵ بۆ خاڵە لە سنووری پارێزگاکە.

هێمن محەمەدئەمین گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بۆ (گڵکەند) باسی لەوە کرد کە سەرەتا جۆری کامێراکانی چاودێریی تیژڕۆیی زۆر بنەڕەتی بوون، تا ڕادەیەک ڕووداوەکانی هاتوچۆیان کەم کردەوە، بەڵام دواتر تێبینی کرا شۆفێرەکان لە نزیک کامێراکان خێراییان کەم دەکردەوە و دوای تێپەڕین خێراییان زیاد دەکردەوە، ئیتر ئەو جۆرە کامێرایانەش کاریگەرییان کەم بووەوە و نەتواندرا وەکو پێویست ئامانجەکە بێتە دی.

بۆ یەکەم جار لە جیهاندا، ساڵی ١٩٩٧ کامێرای هاتوچۆی خاڵ بۆ خاڵ لە هۆڵەندا ناسێندرا، دواتر لە بەریتانیا، ئوستورالیا و ئیتاڵیاش جێگیر کران، ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان کاری پێ دەکرێ، لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕۆژی ١١ی نیسانی ٢٠٢١، بەمەبەستی دانانی کامێرای تیژڕۆیی خاڵ بۆ خاڵ لە ڕێگە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، گرێبەستێک لە نێوان وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ئێرلی فیوچەر ئیمزا کرا، تاقیکردنەوەی کامێرای خاڵ بۆ خاڵ لە ڕێگەی خێرای ١٢٠ مەتری لە هەولێر دەستی پێ کرد، بەگوتەی هێمن محەمەدئەمین، ئەزموونەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و ڕووداوی هاتوچۆی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە، ئیتر بۆ زیاتر پاراستنی گیان و سامانی خەڵک، بڕیار درا کامێرای خاڵ بۆ خاڵ لە ڕێگەکانی ناو شاریش جێگیر بکرێت.

ئامانجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەمکردنەوەی خێرایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، گوتەبێژەکەی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بە دڵنیاییەوە دەڵێ تا ئێستا کامێرای خاڵ بۆ خاڵ کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانییانی هاتوچۆ هەبووە، چونکە کاتێک ئۆتۆمبێل خێرا نەبوو، ڕووداویش بقەومێت، زیانی گیانی گەورەی لێ ناکەوێتەوە.

سەربارى ئەو پێشکەوتنانەش، پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵیی شەقامەکانی ناو شار، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە دانانی "ترافیک لایتی زیرەک" دەکات، بەم شێوەیە ئەو سیستەمی ترافیک لایتەی ئێستا لە هەولێر هەیە، دێتە گۆڕین، ئەو چرکانەی لە ترافیک لایتەکان لەسەر چرای سوور و سەوز هەن، لادەدرێن، لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردنەوە کە ڕاداری لێ بەستراوە، چارەسەری جەنجاڵیی شەقام و ترافیک لایتەکان دەکرێ، کام شەقامە قەرەباڵغی زۆرتری لەسەر بێت، چرای سەوزی بۆ دادەگیرسێ، تا هاوسەنگی لە نێوان شەقامەکان دروست بێت.



گوڵبژێنە

ئیسماعیل بەرزنجی

## لچ و لێوی ئەستوور

پێشان، کە دەچوونە داخوازیی کچێک، دوای گەڕانەوە، سەرەژنێک بەمجۆرە وەسفی کچەکەی دەکرد:

- دەم و لێوی تەنک تەنک، دەڵێی قەیتانە.
- دەوی گچکۆکەیە و قلە قەسپەکی پێوە دەچی.
- گەردەنی سپییە و باریک، مێوژی بخوا تێیدا دیارە.

ئێستا هاوکێشەکە قلّپ بۆتەوە، باو باوی ئەستوورکردنی لچ و لێوە، خانمان و کیژۆڵان ( ) روو لە نۆرینگەی دکتۆری جوانکاری دەکەن، تا بە شرینقە و دەرمان لێویان بۆ ئەستوور بکات.

دیارە ئەمە مەسەلەیەکی شەخسییە و هەر کەس لە دیاریکردنی ستایلی جلوبەرگ و دەموچاوی ئازادە، بەڵام کە شتەکە بوو بە چاولێکەری و دیاردەیەکی قێزەوەن، ئەو کات هەموو بەهایەکی جوانی لە دەست دەدات. ئێستا ئەو دیاردەیە زۆر بەربڵاوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت.

برادەرێک، بۆی گێڕامەوە:

بە دوو سێ مانگ، لە معاشەکەم هەندێک پارەم خستبووە لایەک، کەچی خانمەکەم لێوی پێ ئەستوور کرد و دای بە دکتۆر.

جوانی، بە لچ و لێوی ئەستوور و بە ماکیاژ نییە، مرۆڤ ئەگەر ڕۆحی جوان نەبێت، بە دکتۆری جوانکاریی هەموو دنیا ناتوانن جوانی بکەن.

ڕەحمەتی ئەحمەد ڕەشوانی شاعیر، زەمانێک بەر لە ئێستا گوتوویەتی:

ئەبینم لێوی وەک گوڵی سوور بووە
بە هێمنی چاوی بۆ داخستووە
بە شەنگی نامێنێ لێو کە ماندووە
نەک بۆ نەختێ ئاو بۆ ماچ تینووە

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لچ ئەستوورەکان بە ژن و پیاوەوە.

”23%ی ئافرەتانی کوردستان نەشتەرگەریی جوانکارییان کردووە“

# جوانکاری

## لە پوورە ناهیدەوە تا سیما خان

**زیرەک تاریق**

گ لە حەوشەیەکی بچووک کە دەرگاکەی بەسەر کۆڵانێکی تەنگەبەری گەڕەکی کورانی سەر ڕێی مەخموورردا دەڕوانێ، ناهیدە عومەری تەمەن ٧٠ ساڵ، لەسەر کورسییەکی لەدار دروستکراوی کۆن دانیشتووە و پێی وایە جاران نیشانەکانی جوانی وەک ئێستا نەبوون، ژنی جوان خاوەنی قژی درێژ، لێوی تەنک، لووتی باریک و برۆی ئەستوور بوون.

ناهیدە عومەر بە دەنگێکی نەرم و تژی لە یادەوەری قسەی دڵی بۆ (گڵکەند) دەکا و دەڵێ لە سەردەمی ئەواندا، جوانی سادە و سروشتی بوو، وەکو ئێستا نەبوو کە خانمان بە نەشتەرگەری شێوەی ڕووخسارییان دەگۆڕن. کەمێکیش بە پێکەنینەوە گوتی «لە زەمانی مە، ئەوەی لێوی ئەستوور بایە پێیان دەگۆت سێ لچ، یان لچ ئەستوور».

جوانی چەمکێکی هەمەلایەن و فرەڕەهەندە کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە لە سەردەمێکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت. ئەم جیاوازییە لە پێوەرەکانی جوانیدا بەرهەمی کۆمەڵێک هۆکاری کولتووری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیین. لە هونەری کوردیشدا، کاتێ هونەرمەندان باس لە جوانی دەکەن، وێنەیەکی تایبەت لە زەینی خەڵکدا سەبارەت بە پێوەرەکانی جوانی دروست دەکەن.

چاو و برۆ، قژی درێژ و ڕەش، پێستی سپی یان گەنمرەنگ، لێوی تەنک و ددانی ورد، باڵای بەرز و جەستەی ناسک، گۆنای سوور و خاڵی ڕوومەت. ئەم وەسفانە بەشێکی گرنگن لە میراتی هونەری کوردی. بەڵام ئەمڕۆ پێوەرەکان گۆڕاون، بەپێی ئاماری ژمارەیەک لە سەنتەرەکانی جوانکاریی ئافرەتان، ڕێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری لەنێو گەنجاندا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە، زۆرینەی ئەوانەی نەشتەرگەریی جوانکارییان ئەنجام داوە تەمەنیان ١٨ بۆ ٣٥ ساڵە.

چەند هەنگاوێک لەولاتری ماڵی ناهیدە، ئارایشتگایەکی مۆدێرن هەیە کە سیما شێرزاد، کچێکی ٢٥ ساڵە کاری تێدا دەکات، بەدەم ئامادەکردنی کەرەستەکانی سەر مێزەکەیەوە دەڵێ بەر لە سێ ساڵ بۆ یەکەم جار فیلەری بۆ لێوی داناوە، دواتر دوو جار بۆتۆکسی بۆ ڕووخساری کردووە.

زەردەخەنەیەک دەکا و بەردەوام دەبێ لە قسەکردن ”سەرەتا دوودڵ بووم، بەڵام ئێستا هەست دەکەم متمانەم بە خۆم زیاتر بووە. ئەمەش دوای ئەوەی ئەنجامی گۆڕانکارییەکەم لە ڕووخسارمدا بینیەوە و بە نزیکەیی وەک ئەوە بوو کە خۆم دەمویست.“

سیما ئەوەش ناشارێتەوە کە هەندێک جار بیری ڕووخسارە سروشتییەکەی جارانی دەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێ ئەمە هەڵبژاردنی خۆی بووە و لێی پەشیمان نییە، ئەم هەڵبژاردنەش تەنیا هی سیما نییە، بەڵکو ئەو کچە گەنجە یەکێکە لە ٢٣٪ی ئافرەتانی کوردستان کە بەلایەنی کەمەوە هەریەک لەوان جۆرێک لە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی ئەنجام داوە، ئەمەش بەپێی ڕاپرسییەکی نافەرمی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراوە.

دکتۆر نەبەز حەسەن پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست و جوانکارییە، پیاوێکی ڕیش ماشوبرنجیی تەمەن ٤٠ ساڵە، تازە گەیشتووەتە نۆرینگەکەی، بە قەمیسێکی سپییەوە لە پشت مێزەکەی دانیشتووە و پەرداخێک شەربەتی بەدەستەوەیە، پێی وایە پێوەرەکانی جوانی بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا دێت. پێشتر خەڵک لێوی تەنک و ناسکیان بەلاوە جوان بوو، ئێستا بۆ ئەوەی لێویان ئەستوور دەربکەوێت، فیلەری تێ دەکەن. دەشڵێ ”پێویستە دوو بابەت لێکدی جیاکەینەوە، ڕێککاری هەیە و جوانکاری هەیە، ڕێککاری بۆ ئەو کەسانەیە کە کێشەیەکیان لە ڕووخساردا هەیە و پێویستی بە ڕێککردنەوەیە، جوانکارییش ئەوەیە کە کەسێک هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام دەیەوێت شێوەی ڕووخساری بگۆڕێ و جوانتر دەربکەوێت وەک ئەوەی خۆی حەزی لێیەتی یان وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەدا باوە“.

دکتۆر نەبەز ئاماژە بە ناهۆشیاریی خەڵک دەکات و پێی وایە بەشێک لە جوانکارییەکانی وەک تاتۆی برۆ، زیانیان هەیە و ئافرەتانیش هەر دەیکەن. سەرباری ئەوەش باسی هەندێک ئافرەتی کرد کە هەوڵی زیادەڕەوی لە جوانکاری دەدەن بەڵام ئەو وەک پزیشکێکی جوانکاری، ئەو داوایانە ڕەت دەکاتەوە، چونکە “زیانی گەورەی هەیە و پەشیمانی لەدوایە.

بە گوتەی پسپۆڕانی جوانکاری، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر نەشتەرگەریی جوانکاری لەلایەن ئافرەتانەوە دەکرێن کە زۆربەیان بۆتۆکس، فیلەر و نەشتەرگەریی لووتن. هەروەها بەشێک لە ئافرەتان و پیاوانی سەروو تەمەن ٣٥ ساڵی، بۆ لابردنی چرچ و لۆچیی روخسار، پەنا بۆ نەشتەرگەری دەبەن.

دکتۆر ئەحمەد سەیدا، مامۆستای زانکۆیە و تەمەنی ٤٩ ساڵە، باس لە لایەنی دەروونیی ئەو کەسانە دەکات کە پەنا دەبەنە بەر نەشتەرگەریی جوانکاری، ئەو دەڵێت، زۆرجار هۆکاری پەنابردنە بەر جوانیی دەستکرد چاولێکەری یان ڕکابەریی خەڵکییە، ئەمەش تووشی کێشەی تەندروستی و دەروونییان دەکات و ئەو کەسانە بەردەوام واهەست دەکەن کەس تەماشایان ناکات چونکە ڕووخساریان ناشیرنە، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی تەندروستن، کە دەروون دروستن و باوەڕیان بەخۆیانە، هەرگیز بیر لە بیرکردنەوە و ڕوانینی خەڵکی ناکەنەوە.

زۆربەی ئەوانەی نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن، خۆیان پێناشیرینە، ئەگەرچی وەک ئەحمەد سەیدا باسی کرد، مرۆڤ ناشیرین نییە، ئەوە گوفتار و ڕەفتارەکانن جوانیی مرۆڤ دەردەخەن نەک جوانکاری.

کوڕانی گەنج بێزارن لەو جوانییە دەستکردانە. بەپێی ڕاپرسییەک لە سۆشیال میدیا، لە کۆی ١٢٤ گەنج تەنیا ٣١یان لەگەڵ نەشتەرگەریی جوانکارین. ئەحمەد عومەر، گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵە و پێی وایە جوانکاری کۆمەڵگە تێکدەدات و جوانیی سروشتی دەشارێتەوە. هۆکاری دەستکاریکردنی ڕووخساریش، بۆ ڕۆڵی کچەمۆدێل و پاڵەوانانی سۆشیال میدیا، دەگێڕێتەوە.

لە بەدواداچوونەکەماندا بۆ بابەتی جوانکاری، بۆمان دەرکەوت بەشێک لە گەنجان بە توندی دژی ئەو نەشتەرگەرییانەن. دیلمان فەرحانی تەمەن ٢٤ ساڵ، کە قوتابی زانکۆیە، کاتێک گەنجان دەبینێ خەریکی گۆڕینی روخسار و شێوەیانن، وەک خۆی گوتی، تووشی “بێ هیوایی” دەبێ. ئەو بە پێویستی دەزانێ هەمووان بزانن کە جوانیی ڕاستەقینە لە دڵ و ڕۆحدایە نەک لە نەشتەرگەری.

وێنە: زیرەکیی دەستکرد

# پادشای کاشی ریکۆردی جیهانی شکاند


وێنه: ئه‌رشیفی یاریزان

**هێمن ئه‌سکه‌نده‌ر**

یاریزانێکی تایکواندۆی کورد له خولێکی جیهانییدا پشتێنی کلاسی دوو به‌ده‌ست دێنێ و ده‌بێته یه‌کێک له ده یه‌که‌مینه‌کانی خولێک که ١٢١ پاڵه‌وانی جیهان تێیدا به‌شدار بوون، یه‌که‌م یاریزانیشه له مێژووی تایکواندۆدا ١٦ کاشی به یه‌ک لێدان بشکێنێت.

هێمن مه‌هدی گه‌نجێکی شاری هه‌ولێره و ئێستا پاڵه‌وانی جیهانه له یاری تایکواندۆ، له لێدوانێکیدا بۆ (گڵکه‌ند) به خۆشییه‌کی زۆره‌وه چیرۆکی یه‌که‌م سه‌رکه‌وتنی نێوده‌وڵه‌تیی خۆی بۆ ساڵی ٢٠١٧ ده‌گه‌ڕێنێته‌وه کاتێ به‌شداریی له پاڵه‌وانییه‌تی تایکواندۆ له کۆریای باشوور کردووه و نازناوی پاڵه‌وانی جیهانی به‌ده‌ست هێناوه.

هێمن بۆ یه‌که‌م جار له ساڵی ١٩٩٣دا چووه‌ته هۆڵێکی یاری تایکواندۆ له گه‌ڕه‌کی ڕووناکی له هه‌ولێر، له‌وێ له‌گه‌ڵ ڕاهێنه‌ری ئه‌وسای یانه‌ی هێرش ده‌ستی به ڕاهێنان کردووه و به‌هۆی ئه‌وه‌ی ته‌مه‌نی ته‌نها ١٠ ساڵ بووه، وه‌ک خۆی ده‌ڵێ هێشتا له مانا و فه‌لسه‌فه‌ی یارییه‌که تێنه‌گه‌یشتبوو، بۆیه کاتێک له کۆڵاندا ده‌بووه ده‌مه‌قاڵێی له‌گه‌ڵ منداڵانی هاوته‌مه‌نی خۆی، ئه‌وه‌ی له هۆڵی ڕاهێنان فێری ده‌بوو له‌و شه‌ڕانه‌ی لاکۆڵاندا به‌کاری دێنا، زیاتر له‌وه‌ش هێمن دوای ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ باوکیدا ده‌چووه سینه‌ما بۆ سه‌یرکردنی فیلمه‌کانی بروکسلی و جاکیشان، هه‌ر که ده‌هاته ده‌ره‌وه لاسایی جووڵه هونه‌ریيه‌کانی ئه‌و دوو ئه‌کته‌ره‌ی هونه‌ره جه‌نگییه‌کانی ده‌کرده‌وه و جاری وا هه‌بوو له ئه‌نجامدا منداڵێکی کۆڵان یان هاوپۆلێکی ده‌کرده ئامانج.

ئه‌و پاڵه‌وانه کورده له به‌رانبه‌ر سه‌رکه‌وتنه‌کانیدا خۆی به قه‌رزاری باوکی ده‌زانێ و ده‌ڵێ به‌رده‌وام له‌لایه‌ن باوکییه‌وه هان دراوه و تا ئێستاشی له‌گه‌ڵدا بێت باوکی به‌رده‌وام پشتیوانی ده‌کات. هه‌روه‌ها ده‌ستپێکردنی یارییه‌که‌شی به زۆر ئاسان و خۆش وه‌سف ده‌کات و پێی وایه تایکواندۆ یاری و هونه‌ری ڕێزگرتن و مرۆڤایه‌تییه، نه‌ک لێدان و شه‌ڕانگێزی. قۆناغه ئاسانه‌که‌ی ژیانی وه‌رزشیی هێمن تا ئه‌وه‌نده‌ی بڕ کرد که گه‌یشته هه‌ڵبژارده‌ی عێراق بۆ تایکواندۆ و ئیتر له‌وێوه تێگه‌یشت یارییه‌که له‌ناو گۆڕه‌پانی ململانێ و ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌دا شتێکی تر و ئاسان نییه له لوتکه‌دا بمێنیه‌وه، ئه‌مه‌ش دوای ئه‌وه هات که چه‌ند ساڵێکی سه‌ره‌تای ته‌مه‌نی وه‌رزشی له پاڵه‌وانیه‌تییه نێوخۆییه‌کاندا له ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ به‌سه‌ر برد، دواتر له ساڵی ١٩٩٩ بۆ یه‌که‌مین جار به‌شداریی پاڵه‌وانییه‌تی عێراقی کرد.

له‌مه به‌دواوه تا ئێستا، له ماوه‌ی ژیانی وه‌رزشیدا سێ جار بووه‌ته پاڵه‌وانی عێراق، له‌سه‌ر ئاستی پاڵه‌وانیه‌تییه نێوده‌وڵه‌تییه‌کانیش بۆ یه‌که‌م جار له وڵاتی ئێران له ساڵی ٢٠٠٩ به‌شداریی پاڵه‌وانییه‌تی (جی وانم)ی کرد که به پاڵه‌وانییه‌تی فه‌جری نێوده‌وڵه‌تی ناسراوه و زیاتر له ٢٥ وڵات به‌شداری تێدا ده‌که‌ن.

هه‌روه‌ها یه‌که‌م به‌شداریکردنی له پاڵه‌وانییه‌تی جیهان له ساڵی ٢٠١٦ بوو که ئه‌و کاته هیچ ئه‌نجامێکی به‌ده‌ست نه‌هێنا، به‌ڵام کۆڵی نه‌دا و دوای ساڵێک به‌شداری کرده‌وه و بۆ یه‌که‌مین جار بووه پاڵه‌وانی جیهان، هێمن ده‌ڵێ ئه‌و سه‌رکه‌وتنه‌ی هه‌ستێکی زۆر خۆشی پێ داوه و بووه‌ته سه‌ره‌تای چوونه ناو ژیانی پیشه‌گه‌ری.

ئه‌و یاریزانه کورده تا ئێستاش ساڵانه دوای ئه‌نجامدانی مه‌شقێکی زۆر و ئاماده‌کاری، به‌شداریی پاڵه‌وانییه‌تی جیهان ده‌کات که له کۆریای باشوور ئه‌نجام ده‌درێت، له ڕێگه‌ی ئه‌م پاڵه‌وانیه‌تییه‌شه‌وه توانیویه‌تی په‌یوه‌ندییه‌کی زۆر باش له‌گه‌ڵ فیدراسیۆنی تایکواندۆی جیهانی و وڵاتانی تر دروست بکات، به‌هۆی ئه‌و ئاسته به‌رزه‌ی پێشکه‌شی ده‌کات، ساڵانه چه‌ندین ئۆفه‌ری به‌شداریکردنی له وڵاتانی تر بۆ دێت بۆ پێدانی مه‌شقی تایبه‌ت به‌و یارییه و داوه‌تنامه‌ی فه‌رمی وڵاتانی بۆ دێت، سه‌رباری ئه‌وه‌ی ساڵانه‌ش چه‌ندان یاریزان و ڕاهێنه‌ر له‌سه‌ر ئاستی کوردستان و عێراقیش له‌گه‌ڵ خۆی ده‌بات بۆ پاڵه‌وانیه‌تییه جیهانییه‌که له کۆریای باشوور.

هێمن جگه له‌وه‌ی هۆکاری سه‌رکه‌وتنه‌کانی بۆ پشتبه‌ستن به خودا و به‌رده‌وام مه‌شقکردن ده‌گه‌ڕێنێته‌وه، باس له‌وه‌ش ده‌کات که ساڵانێکه سیسته‌مێکی ڕێکوپێکی خواردن و خه‌وتنی بۆ خۆی داناوه که هۆکارێکی تری سه‌رکه‌وتنه به‌رده‌وامه‌کانیه‌تی.

ئه‌و پاڵه‌وانه ئه‌مساڵیش به‌شداریی پاڵه‌وانییه‌تی جیهانی کرد که ٥٤ وڵات تێیدا به‌شدار بوون، له یه‌که‌م ڕۆژی پاڵه‌وانیه‌تییه‌که‌دا له‌سه‌ر ئاستی یاریزانانی ٤٠ بۆ سه‌رووی ٥٠ ساڵ له‌گه‌ڵ یاریزانانی ١٨ وڵات ڕکه‌به‌ری کرد له یاری کیکۆکپا (شکاندنی کاشی)، توانی پله‌ی یه‌که‌م و میدالیای زێڕ به‌ده‌ست بهێنێت، جگه له‌وه‌ی ڕیکۆردێکی جیهانی شکاند، بووه یه‌که‌م یاریزان له مێژووی یاری تایکواندۆ ١٦ کاشی بشکێنێ، که تا ئێستا ئه‌مه نه‌کرابوو.

دوای به‌ده‌ستهێنانی ئه‌و ده‌سکه‌وته له‌لایه‌ن فیدراسیۆنی تایکواندۆی جیهانی ناوی ئه‌و پاڵه‌وانه کورده به پاشای کاشی تۆمار کرا، تا ئه‌و کاته‌ی که‌سێکی تر ئه‌و ڕیکۆرده ده‌شکێنیت، هێمن مه‌هدی جگه له یاری کیکۆکپا له سێیه‌م ڕۆژی پاڵه‌وانیه‌تییه‌که له یه‌ک یاری تردا ڕکه‌به‌ری کرد له پێناو به‌ده‌ستهێنانی میدالیای زێڕی دووه‌م له یه‌ک ساڵدا.دواتر ئه‌و پاڵه‌وانه کورده توانی دووه‌مین میدالیای زێڕ به‌ده‌ست بهێنێت و له یاری خێرای کیکۆکپا ڕکه‌به‌ری له‌گه‌ڵ ٢٢ وڵات کرد و پله‌ی یه‌که‌می به‌ده‌ست هێنا، سه‌رکه‌وت به‌سه‌ر یاریزانانی وڵاتانی ئێران و مه‌غریب و چین، به‌مه‌ش ژماره‌ی میدالیا زێڕه‌کانی خۆی بۆ چوار میدالیا زیاد کرد.

جگه له ڕکه‌به‌رییه‌کانی مه‌یدانی یاری تایکواندۆ، ئه‌و پاڵه‌وانه کورده هه‌وڵی به‌ده‌ستهێنانی به‌رزترین ئاستی یاری تایکواندۆ ده‌دات، که ئه‌ویش به‌ده‌ستهێنانی پشتێنی ڕه‌شی نۆ دانه که ٢٥٠ که‌س له جیهان گه‌یشتوونه‌ته ئه‌و پله‌یه، له‌و پێناوه‌دا ساڵانه بۆ بڕینی قۆناغه‌کان تاقیکردنه‌وه‌ی نێوده‌وڵه‌تی ده‌کات. ئه‌مساڵیش بۆ ماوه‌ی ١٠ ڕۆژ به‌شداریی له خولی ماسته‌ر و تاقیکردنه‌وه نێوده‌وڵه‌تییه‌کاندا کرد له یاری تایکواندۆ، پێشتریش خاوه‌نی بڕوانامه‌ی کلاسی سێیه‌م بوو، دواتر پشتێنی ڕه‌شی شه‌ش دانی به‌ده‌ست هێنا که له عێراق ته‌نیا ئه‌و پاڵه‌وانه کورده هه‌یه‌تی و به‌رزترین ئاسته، له ماوه‌ی ١٠ ڕۆژدا به‌شداریی خوله‌که‌ی کرد و توانی بڕوانامه‌ی ماسته‌ر به‌ده‌ست بهێنێ و له تاقیکردنه‌وه‌کانیش سه‌رکه‌وتوو بوو، هه‌روه‌ها به یه‌کێک له ١٠ باشترین به‌شداربووه‌کان له نێوان ١٢١ که‌س له‌سه‌ر ئاستی جیهان هه‌ڵبژێردرا.

# بلیتی یاریی داهاتووی یانه‌ی هه‌ولێر به خۆڕاییه

**گڵکه‌ند**


وێنه: ئیرۆن خه‌لیفانی

وه‌ک پاداشتێک بۆ ئه‌نجامه باشه‌کانی ئه‌م دواییه‌ی یانه‌ی هه‌ولێر، که دوای بردنه‌وه‌ی یاریی کلاسیکۆی کوردستان له یانه‌ی دهۆک، پێشه‌نگی خولی ئه‌ستێره‌کانی عێراقی گرت، پارێزگاری هه‌ولێر سه‌رجه‌م بلیته‌کانی یاریی داهاتووی یانه‌که‌ی کرده خۆڕایی.

ئه‌مساڵ یانه‌ی هه‌ولێر ده‌ستپێکێکی باشی له خولی ئه‌ستێره‌کانی عێراق تۆمار کرد، له دوو یاریی سه‌ره‌تای خوله‌که سه‌رکه‌وتنی به‌ده‌ست هێنا و له خانه‌ی پێشه‌وه‌ی ڕیزبه‌ندیی یانه‌کان دێت، دوای بردنه‌وه‌ی له یانه‌ی دیاله‌ی میوانی تازه‌ی خوله‌که، هه‌ولێر یاری کلاسیکۆی کوردستانیشی برده‌وه و له گه‌ڕی داهاتوودا میوانداری گه‌وره‌ترین یانه‌ی عێراق ده‌کات.

ئه‌گه‌رچی یانه‌که جیاواز له هه‌رسێ یانه کوردییه‌که‌ی تری به‌شدار له خوله‌که‌دا که دهۆک و زاخۆ و نه‌ورۆزن، به دۆخێکی خراپی کارگێڕی و داراییدا ده‌ڕوات، به‌ڵام ئه‌مساڵ جیاواز ده‌رده‌که‌وێ و له سه‌ره‌تای خولی ئه‌ستێره‌کانی عێراقدا خۆی سه‌لماندووه.

تیپه‌که‌ی سه‌میر بابۆ دوای بردنه‌وه‌ی یه‌که‌م یاریی خوله‌که له یانه‌ی دیاله، به گڕوتینێکی زۆره‌وه خۆیان بۆ یاری کلاسیکۆی کوردستان ئاماده کرد، که هه‌رده‌م یاری نێوان هه‌ولێر و دهۆک هانده‌رانی هه‌ردوو یانه ساڵانه به‌په‌رۆشه‌وه چاوه‌ڕێی ده‌که‌ن، یارییه‌که به ئاماده‌بوونی زیاتر له ٢٦ هه‌زار هانده‌ر له شاری دهۆک به‌ڕێوه‌چوو.

له یارییه‌که‌دا هه‌ولێر توانی به گۆڵێکی بێ به‌رانبه‌ر سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێ و دوای یازده ساڵ جارێکی تر له ناو یاریگه‌ی دهۆک براوه بێت، به‌مه‌ش هه‌ولێر هاوشانی یانه‌کانی زه‌ورا و نه‌فتی میسان خاوه‌نی شه‌ش خاڵه و له پێشه‌وه‌ی ڕیزبه‌ندی یانه‌کانی خوله‌که دێت.

بڕیاره یانه‌ی هه‌ولێر ڕۆژی هه‌ینی له سێیه‌مین یارییه‌کانی خوله‌که‌دا و له یاری لوتکه‌دا، میوانداری یانه‌ی زه‌ورا بکات، که خاوه‌ن زۆرترین نازناوی خوله‌که‌یه و هاوشانی هه‌ولێر تا ئێستا خاوه‌نی شه‌ش خاڵه، وه‌ک هاندانێک بۆ ئه‌نجامه باشه‌کانی هه‌ولێر، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هه‌ولێر بڕیاری دا، سه‌رجه‌م بلیته‌کانی ئه‌و یارییه بکڕێ و وه‌ک دیاری پێشکه‌ش به هانده‌رانی یانه‌ی هه‌ولێری بکات.

خاوه‌ن ئیمتیاز:
**دامه‌زراوه‌ی کوردستان کرۆنیکڵ**

سه‌رنووسه‌ر:
**ڕێبه‌ند سه‌عدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئه‌کره‌م**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئه‌ربیلی**

ده‌سته‌ی نووسه‌ران:
**نازم دڵبه‌ند**
**هه‌ژار مه‌جید**

کوردستان / هه‌ولێر، گه‌ڕه‌کی سه‌ربه‌ستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com

Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (1), Tuesday 1/10/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

هیچ وڵاتێ خێر و خۆشی شاری هەولێری نییە
میللەتی واچاک و پاک و لاوی وەک شێری نییە
ئەرزەکەی ڕاست و دروستە وەک دەروونی ئەهلەکەی
شاخ و هەردە و پێچ و کەند و لێژ و هەلدێری نییە
دیمەنی ئەو قەلعە ڕەنگینەی چ جوان و دلکەشە
ئەو کەسەی تەدبیری ڕوخانی بکا بیری نییە
نازەنین و گونجەبین و شۆخ و شەنگم دیوە زۆر
هیچ وڵاتێ ناز و عیشوەی کیژی هەولێری نییە

شێخ ڕەئووفی خانەقا لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا هاتووەتە هەولێر و فەرمانبەری میری بووە، خۆشەویستیی بۆ هەولێر و خەڵکەکەی لە شیعرێکدا دەربڕیوە، ئەمەی سەرەوە بەشێکی شیعرەکەیە.